# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

هەینی ١٥ی ڕەشەممەی ١٣٩٣ _ ٦ی مارسی ٢٠١٥

ژمارە ٦٥١

www.kurdistanukurd.com


## بەردەوامی ئێعدامی زیندانیانی سیاسی لە ئێران



سەرەڕای نارەزایەتیی بەرینی جیهانی ٦، زیندانیی سوننی مەزهەبی کورد لە دار دران.

ئەحمەدی، کەماڵ مەلایی، جەمشید دێهقانی، جەهانگیر دێهقانی، سەدیق محەممەدی و سەید هادی حوسێنی بەرەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە، ١٣ ی ڕەشەممە لە دار دران.

لە داردرانی ئەو ٦ زیندانییە کوردە سوننی مەزهەبە لە لقی ٢٨ ی دادگای شۆڕشی تاران بە سەرۆکایەتیی قازی مەقیسە بە تۆمەتی شەڕ لەگەڵ خودا، هەوڵدان بە دژی ئەمنیەتی نیشتمانیی وڵاتو بانگەشە لە دژی کۆماری ئیسلامی سزای مردنیان بەسەردا سەپێندرا، ئەوەش لە حاڵێکدابوو کە زۆر لە ڕێکخراوەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ بە هەڵوێست گرتن لەو بارەیەوە ڕایانگەیاندبوو کە ئەو کەسانە لە دادگایەکی دادپەروەرانەدا دادگایی نەکراون و دەرەتانی بەرگری لە خۆیان پێنەدراوە.

# ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە خەباتی مەدەنیش دا پێشەنگە

## ٨ی مارس نمادی یەکسانیی ژن و پیاو

کوێستان فتووحی

ئازادی، یەکسانی و دادپەروەری خواستی هەر ئینسانێکی مافخوازە.

لە بەرەبەری ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژن داین. ٨ی مارس، وەک نمادی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی بیرهێنەرەوەی یەکەمین هەنگاوە پێشکەوتووەکانی ساڵانێکی زۆر دوورە. ٨ی مارس بیرهێنەرەوەی خەباتی لێبڕاوانەی ژنانی جیهانە بۆ گۆڕینی هەلومەرجی نادادپەروەرانەی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی. ڕۆژێکە کە ژنان جارێکی دیکە وەبیر دەسەڵات و سیستمی سیاسیی وڵاتەکانیان و کۆمەڵگەکەیان دێننەوە کە پێوانەی ئازادیی و دیموکراسی کۆمەڵگە، ڕزگاریی ژنانە لە ستەم و هەڵاواردن. لە ٨ی مارس دا جارێکی دیکە بە سیستمی پیاوسالاری کۆمەڵگەی خۆیانی ڕادەگەیەنن، هەتا گەیشتن بە ئامانجەکانیان کە دابینبوونی ئازادییە ئینسانی و قانوونی و یەکسانیی ڕاستەقینەیە، دەست لە خەبات و تێکۆشان هەڵناگرن.

بزووتنەوەی ژنان بۆ یەکسانی و دادپەروەری لە جیهاندا نزیک دوو سەدەیە وەک ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی پێی ناوەتە مەیدانی خەباتەوە و زیاتر لە یەک سەدەشە ٨ی مارس وەک ڕۆژی نێونەتەوەیی ژن دیاریکراوە. بە هۆی خەباتی لێبڕاوانەو یەکسانیخوازانە، ژنان لە هێندێک لە وڵاتانی جیهان بە کۆمەڵێک لە ئامانجەکانی ٨ی مارس گەیشتوون و دەسکەوتی بەنرخیان وەدەست هێناوە و بە بەشێک لە مافەکانیان گەیشتوون. بەڵام ئێستاش ڕێگەیەکی زۆر ماوە کە ژنان بە هەموو ئەو ماف و ئازادییانەی کە لە پەیماننامە نیونەتەوەییەکاندا هەن، بگەن. ئێستاش لە زۆربەی وڵاتاندا ژنان لەژێر باری ستەم و چەوسانەوەدا ژیان بەسەر دەبەن، تەنانەت لە هێندێک وڵاتدا ئێستاش سەرەتاییترین مافە ئینسانییەکانیشیان لە لایەن حاکمانی دەسەڵاتدار و کۆمەڵی پیاوسالارەوە پێشێل دەکرێ. ئێستاش توندوتیژی و دەستدرێژی بۆتە بەشێک لە ئازارەکانی ڕۆژانەی ژنان. وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو بەتایبەت ئەو وڵاتانەی بە جۆرێک ئایین تێکەڵاوی دەسەڵات و ژیانی ئینسانەکانە، بەشێک لەو وڵاتانەن کە ژنان بە دەست ئازارەکانی هەڵاواردنو توندوتیژی و دەستدرێژیو بێحورمەتی، کڕین و فرۆشتنی جەستەیانەوە دەناڵێنن.

یەکێک لەو وڵاتانەی کە ژنان سەرەڕای ئەوەی مێژوویەکی دروور و درێژەیان لە خەباتی مافخوازیدا هەیە، ئێستاش لە هەلومەرجێکی دژوار و نادادپەروەرانەدا ژیان بەسەر دەبەنو هەڵاواردنی ناڕەوا بە دژیان بەشێوەیەکی بەرین بەردەوامە، وڵاتی ئێرانە. حاکمانی ئێران ٣٦ ساڵە مەزهەبیان کردۆتە کەرەسەیەک بۆ لە دواکەوتوویی‌دا هێشتنەوەی کۆمەڵگە و، بۆ پاراستنی نیزامەکەیان.

ل ٣







لە ١٠ی ڕەشەمەی ئەمساڵدا، مامۆستایانی ئێران مانگرتنێکی سەرانسەرییان بەڕێوە برد.

بە دوای بانگەوازی کانوونی سنفیی مامۆستایان ئێران کە داوای کردبوو مامۆستایانی سەرانسەری وڵات بۆ پێداگریی لە سەر داخوازەکانیان، ڕۆژی ١٠ی ڕەشەمە مان بگرن، لەم ڕۆژەدا مامۆستایانی ناڕازیی سەرانسەری ئیران، نەچوونە قوتابخانە و بە هاتنە سەر شەقام و کۆبوونەوەو خستنە ڕووی داخوازەکانیان لە سەر پلاکارد، بەشداری ئەم حەرەکەتە مەدەنییە سەرانسەرییە بوون.

ئەم مانگرتنە بە دوای چەند حەرکەتی پێشتری مامۆستایان لە چوارچێوەی کانوونی سینفیی مامۆستایان دا بەڕێوە چوو. ئەوان داواکاری مووچەی دادپەروەرانە، کۆتاییهاتن بە هەڵاواردنەکانو ئازادکرانی مامۆستا بەندکراوەکان بوون.

مامۆستایانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەتی مامۆستایانی شارەکانی مەریوان، سنە، قوروە، دێولان، سەقز، بانە، بوکان، مەهاباد، سردشت، پیرانشار و چەند شارێکی دیکە چالاکانەو یەکگرتوانە بەشداری ئەم حەرەکەتە بوون. ئەوان، هەولیان دا داخوازو دەنگو ڕەنگی نەتەوەیی خۆشیان تێکەڵاوی داخوازە سینفییە هاوبەشەکانیان لە گەڵ سەرجەم مامۆستایانی ناڕازیی ئێران بکەن. یەک لەو داخوازانە مافی خوێندن بە زمانی دایک لە کوردستان بوو. ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر تەنیا شانازیی پێشەنگایەتیی بەربەرەکانی لە گەڵ دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیی نییە، لە خەبات و بزووتنەوەی مەدەنییشدا، بە بەراورد لە گەڵ بەشەکانی دیکەی ئێران، لە ڕیزی پێشەوە دایە.



وتوێژ لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادە
٤


٣٦ ساڵ دوای میتینگی مەزنی مهاباد
٥



داوایەکی ڕەوا کە بە یەکگرتوویی‌و شێلگیری دێتە دی
٦


ژن لە دەورانی کۆماری ئیسلامیدا
٧


بە بیانوی ڕۆژی جیهانی ژنەوە
٨




# کۆبوونەوەی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان



هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان کۆبۆوە.

بەپێی ڕاپۆرتی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی دووشەممە ٤ی ڕێبەندان، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەسەرپەرستیی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب ، سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستانیان کردو لەلایەن ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتیی ئەو حیزبە«بەڵێن عبداللە، بەهمن حوسین وسەعد خالید»وە، پێشوازییان لێ کرا .

لەباس‌و قسەکانی ئەو دیدارەدا سەرەتا لەلایەن شاندی خانەخوێ ئاوڕ لەباروودۆخی هەرێمی کوردستان‌و عێراق، قەیرانی‌و کێشەی ئابووریی نێوان هەرێم‌و بەغداو ڕووداوەکانی پاش پەلاماری داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان‌و هەڵوێستی وڵاتانی ناوچە درایەوە.

دواتر کاک خالید عەزیزی هێندێک بابەتی پێوەندیدار بەپرسی کورد بەگشتی‌و بەتایبەت بارودۆخی هەرێمی کوردستان‌و ئەو کۆمەڵە قەیرانانەی کە بەشوێن هێرشی داعش‌دا بۆی هاتۆتە پێش، باس کردو یەکریزیی کورد و لەلایەکی دیکەدروست کردنی موئەسەساتی کۆمەڵگەی کوردی لەهەرێمی کوردستانی بەفاکتۆرێکی گرینگ بۆ خۆدەرباز کردن لەو کۆمەڵەقەیرانەناوبرد.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەباسەکەیدا ئاماژەی بەرۆڵی وڵاتانی زلهێزی ناوچە وەک ئێران‌و تورکیە کرد و بەتیشک خستنەسەر نەخشی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەو بەتایبەت عێراق و هەرێمی کوردستان، باسی لەچۆنیەتی دروستکردنی قەیرانی جۆراوجۆر بۆ وڵاتانی ناوچە لەپێناو خۆدەرباز کردن لەقەیرانە نێوخۆییەکانی کۆماری ئیسلامیی کرد.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەدرێژەی قسەکانی‌دا ، ئاست و چلۆنایەتیی پێوەندی‌و هاوکاریی حیزبە کوردییەکانی بە بێ دەستوەردان لەکاروباری پارچەکانی دیکە بەگرینگ لەقەڵەم دا و هیوای خواست کەهەموو لایەنەسیاسییەکان لەهەڵسوکەوتەکانی خۆیاندا، بنەمای ڕێزگرتنی بەرابەرو تایبەتمەندییەکانی هەر کام لەپارچەکانی کوردستان لەبەر چاو بگیردرێ .

بابەتێکی دیکەی قسەکانی کاک خالید باس لەسەر پرس‌و بابەتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و چۆنیەتی چالاکتر کردنەوەو بەزیندوویی ڕاگرتنی خەباتی کۆمەڵانی خەڵک‌و کەڵکوەرگرتن لە مێتۆدو شێوەکانی خەبات بوو کەحیزبی دێموکراتی کوردستان لەهەر برگەیەکی زەمەنی‌دا ئەولەوییەتی جۆرەکانی خەباتی لەبەر چاوگرتوە.

لەکۆتایی‌دا کاک خالید عەزیزی ئاماژەی بەچەندوچۆنی پێوەندییەکانی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و لەسەریەک حیزبەکانی هەموو پارچەکان کرد و یەکڕیزی‌و یەکگرتوویی و ڕێکخستنەوەی زیاتری نێوماڵی کوردی وەک فاکتۆرێکی شوێندانەر و حاشاهەڵنەگر دایە قەڵەم و ئامادەیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی بەوەگەرخستنی هەموو تواناو زەرفییەتەکانی ئەو حیزبە لەپێناو ئەم ئامانجە نەتەوەیییەدا ، دەربڕی.

# پێزانینی سەرۆک کۆماری فەڕانسە بە پەیامی هاوخەمیی کاک خالید عەزیزی



سەرۆک کۆماری فەڕانسە بە ناردنی پەیامێک بۆ کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕێزی لە هاوخەمی‌و هاوسۆزیی کاک خالید عەزیزی لە پێوەندی لەگەڵ ڕووداوە تێرۆریستییەکەی پاریس گرتوە.

فەرانسوا ئۆلاند لەو پەیامەدا بۆ کاک خالید عەزیزی دەڵێ فەڕانسە تەسلیمی تاریکپەرستی نابێ و ئەمن لەمەودواش بەناوی فەڕانسەوە چ لە نێوخۆی وڵاتەکەمدا و چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەروا هەڵگری بایەخە بنەڕەتییەکانمان لەبواری ئازادی و لێبوردەیی و عەدالەت و ئاشتی دەبم.

سەرۆک کۆماری فەڕانسە لەو پەیامەدا بۆ کاک خالید عەزیزی نوسیویەتی کە سەبارەت بە پەیامی هاوسۆزی و هاوپێوەندی و برایەتیتان کە پاش ئەو دەستدرێژییەی دڕندانەیەی فەڕانسەی لە دڵی خۆیدا کردە ئامانج بۆتان ناردبووم، سوپاستان دەکەم.

ئەم کردەوە ناحەزە دەستدرێژی بوو بۆ سەر دەسەڵاتی دەوڵەت و دێموکڕاسی. دێموکڕاسی بریتییە لە ئازادیی ڕادەربڕین، ئازادیی بیرکردنەوە، ئازادیی داهێنان. دێموکڕاسی هەروەها بریتییە لە پلۆرالیسم و فرەچەشنی.

فەرانسوا ئۆلاند دەلێ فەڕانسە تەسلیمی تاریکپەرستی نابێ و ئەمن لەمەودواش بەناوی فەڕانسەوە چ لە نێوخۆی وڵاتەکەمدا و چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەروا هەڵگری بایەخە بنەڕەتییەکانمان لەبواری ئازادی و لێبوردەیی و عەدالەت و ئاشتی دەبم.

لە کۆتایی پەیامەکەی سەرۆک کۆماری فەرانسەدا هاتووە کە وێڕای سوپاسی دووبارە سەبارەت بە پشتیوانیتان، تکایە بەڕێز سکرتێری گشتی، ڕێزی تایبەتیم قبووڵ بکەن.

# ڕاپۆرتی کۆتایی فێستیڤاڵی ئەدەبی بەرەنگاری



**لە ڕۆژانی ٣٠ی ڕێبەندان تا ٢ی ڕەشەمەدا فستیڤاڵێکی ئەدەبی لە لایەن یەکیەتیی نووسەرانی کورد لە باشووری کوردستانەوە لە شاری هەڵەبجە بەڕێوەچوو.**

فێستیڤاڵەکە لە ژێر ناوی «ئەدەبی بەرەنگاری»دا بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە نووسەران، شاعیران و هونەرمەندانی کوردستان بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ درێژەی بە کارەکانی خۆی داو ئەم فێستیڤاڵە لە بەرەبەری ٢٧ ساڵەی بۆمبارانی شیمیایی شاری هەڵەبجە لە لایەن ڕێژیمی سەددامەوەو لە پێوەندی بە بەپارێزگا بوونی ئەم شارە وک ناوەندی ئوستان لە عێراقدا بەڕێوەچوو.

فێستیڤاڵەکە ڕۆژی پێنج شەممە بە بەشداریی وەزیری ڕۆشنبیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان خالید دۆسکی، سیاسەتمەدارو نووسەری ناوداری کورد مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە و ژمارەیەکی بەرچاو لە شاعیران و نووسەرانی و هونەرمەندانی کورد لە ساڵۆنی کۆبوونەوەکانی مۆنۆمێنتی هەڵەبجە دەستی بە کارەکانی خۆی کرد.

لە ماوەی ٣ ڕۆژ کاری فێسیڤاڵدا گەلێک بابەتی زانستی و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، لە بواری شێعری بەرنگاری، چیرۆک و ڕۆمان و هەروها چەندین بەرهەمی شێعری لە لایەن شاعیرانی کوردەوە پێشکێش کران‌و لە سەرجەم لێکۆڵینەوە و وتارەکەکانی نێو فیستڤاڵەکەدا ئاماژە بە رۆڵی نووسەران و شاعیرانی کورد کرا کە وێڕای پێشمەرگەکانی کوردستان‌و شانبەشانی ئەوان کە لە سەنگەردا بە چەک دیفاع لە مان‌و مەوجوودییەتی نەیەوەکەیان‌و خاکی نیشتیمانیان دەکەن بە تایبەتی لە قۆناغی ئێستادا کە تاقمی تێرۆریستیی داعش هێرشیان کردۆتە سەر کورد، ئەوانیش بە قەڵەم ئەرکی دیفاع و بەرگری لە خاک و نەتەوەی کورد بە جێ دەگەیەنن.

پێویستە بگوترێ لە ماوی کاری فێستڤاڵەکەدا بەڕێز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە کە بەشداری فستیواڵ بوو وێڕای سەردانی شوێنە مێژووییەکانی شاری هەڵەبجە، سەردانی گۆڕە بە کۆمەڵەکان و یادبوودەکانی شەهیدانی شیمیایی بارانی هەڵەبجەی کرد.

# دیدارو کۆبوونەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان وحیزبی شیوعی کوردستان



**بە ئامادەبوونی هەردوو سکرتێری حیزبی دێموکرات و حیزبی شیوعی، کۆمەڵە بابەتێکی تایبەت بە پرسی کورد لە ناوچەکە تاوتوێ کران.**

ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٩ی ڕێبەندانی ٩٣ ( ١٨ی فێورییەی ٢٠١٥) هەیئەتێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە سەرپەرستی بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب، سەردانی مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعی کوردستانیان لە هەولێر کردو لەلایەن شاندێکی حیزبی شیوعییەوە بە سەرپەرەستی بەڕێز کەماڵ شاکر، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی ئەم حیزبەوە پێشوازییان لێ کرا . لە سەرەتای ئەم دیدارەدا بەڕێز خالید عەزیزی لەپێوەند دەگەڵ بارودۆخی حکوومەتی هەرێم و باشووری کوردستان ئاوڕێکی لە ڕوداوەکانی ئەم دوایانە و بەتایبەت هێرشی هێزەکانی داعش بۆ سەر باشووری کوردستان و چۆنیەتی پێوەند دانەوەیان بە کۆماری ئیسلامی دایەوەو هەڵوێست و سیاسەتەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی سەبارەت بەو ئاڵوگۆڕانە هێنایە بەرباس و لەو پێوەندییەدا، ئاماژەی بە ترسی ڕێژیمی ئێران لە حزورو دەرکەوتنی حیزبی دێمۆکرات کرد . لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات ئاماژەی بە ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی کۆماری ئیسلامی لەمەر چۆنیەتی خوڵقاندنی قەیرانگەلی جۆراوجۆر لە عێراق و وڵاتانی ناوچەکە لە پێناو جێگیرکردنی زیاتری پێگەی خۆی و بەتایبەت هەڵسوکەوتی ناتەبای ڕێژیم و سیاسەتە جیاوازەکانی سەبارەت بە پرسی کورد لە پارچەکانی دیکەدا کرد. بەڕێزیان لەم پێوەندییەدا گوتیان کە؛ «پشت بەستن بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەو ڕوانگەوە کە پێمان وابێ یاریدەدەری پرسی کوردە، هەڵەیەکی گەورەیە.» هەر لەو پێوەندییەدا سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکرات باسی لە سیاسەت و ڕوانگەو بۆچوونەکانی حیزبی سەبارەت هەڵوێست و سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و کەڵک وەرگرتن لەدەرفەتەکان لە پێناو مەرتەح بوون و هێنانەگۆری زیاتری پرسی کورد لەشکڵ و شێوەی جۆراوجۆر لەڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کرد. لە درێژەی دیداری نێوان هەردوو هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعی کوردستان دا بەڕێز کەماڵ شاکر، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی کوردستان سەبارەت بەتەوەر و بابەتەکانی ئاماژەپێ کراو و هێندێک پرسی دیکەی پێوەندیدار بەکورد و ناوچەکەو بۆچوونی حیزبەکەی هێنایە گۆڕێ و بە گشتی دەگەڵ زۆربەی زۆری لێکدانەوەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکرات و سیاسەت و بوچونەکانی حیزب لەمەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و بەتایبەت ڕوانگەی حیزب لەسەر ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و باقی پارچەکانی دیکەی کوردستان، هاوڕا بوون.

# دیداری هەیئەتێکی بەشی پەیوەندییەکانی حدک لەگەڵ هەیئەتێکی ڕێکخراوی لابی ژنانی ئورووپا

**هەیئەتێکی بەشی پەیوەندییەکانی حدک لەگەڵ هەیئەتێکی ڕێکخراوی لابی ژنانی ئورووپا دیدارو چاوپێکەوتنی کرد.**

ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٩ی ڕێبەندان هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە گوڵالە شەڕەفکەندی‌و کاوە ئاهەنگەری ئەندامانی کومیتە ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ «ڤیڤیانە تەیتڵباوم» سەرۆکی ڕێکخراوی لابی ژنانی ئورووپا و «ژوانا مەیکۆک» سکرتێری گشتیی ئەو ڕێکخراوەیە دیداریان پێک هێنا.

لە سەرەتای ئەم دیدارەدا کاوە ئاهەنگەری کورتە باسێکی سەبارەت بە حیزبی دیموکراتی کوردستان‌و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان پێشکێش بە هەیئەتی خانەخوێ کردو ودواتر خاتوو گوڵاڵە شەڕەفکەندی پەرژایە سەر خەباتی ژنانی کورد لە ئێران‌و باسێکی لەسەر مێژووی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان و شێوازو چارتی ڕێکخراوەیی ئەو ڕێکخراوەیەو هەروەها دۆخی ژنانی کورد لە ئێران‌و لە تاراوگەدا پێشکێش کرد.

لەو دیدارەدا خاتوو ڤیڤانە تەیتڵباوم و ژوانا مەیکۆک لەسەر ڕێکخراوی لابی ژنانی ئورووپا و مەترسییەکانی سەر ژنان لە وڵاتانی نائازاد بە گشتی و بناژۆیی دینی بە تایبەت، چۆنیەتیی خەبات‌و مێژووی تێکۆشانی ڕێکخراوەکەیان باسیان کرد. لە درێژەی باسەکاندا هەیئەتی خانەخوێ تەئکیدی لە سەر بوونی کێشەی هاوبەشی نێوان ژنانی جیهان‌و زەروورەتی هاوکاری‌و هاوپێوەندی هەموو ژنانی چالاکی ئورووپایی‌و وڵاتانی دیکە بۆ بەرەنگاربوونەوە بەرامبەر بە توندوتیژی بە دژی ژنان و هەڵاواردن و کۆسپ و کێشەکانی بەردەم ژنانی جیهان بە گشتی و ژنانی وڵاتانی دواکەوتوو و نائازاد بە تایبەتی کرد.

تەوەرێکی دیکەی باسەکانی ئەو دیدارە تەرخان کرا بە چۆنیەتیی هاوکاری نێوان یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان‌و ڕێکخراوی لابی ژنانی ئوروپایی کە لەم پێوەندییەدا هەردووک لا تێبینی و پێشنیاری خۆیان هێنایە بەرباس.

شایانی باسە کە ئەم دیدارە لە ئۆفیسی ڕێکخراوی لابی ژنانی ئوروپایی لە بروکسێل پێتەختی یەکێتی ئوروپا پێکهاتبوو.

# بەشداریی شاندێکی حیزبی دێموکرات لە کۆنفرانسی لالش بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیان

ڕۆژی چوارشەممە ١٣ی رەشەممەی ١٣٩٣ هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پێکهاتوو لە ئیبراهیم زێوەیی، سۆهەیلا قادری‌و خدر پاکدامەن لە یەکەمین کۆنفرانسی « لالش بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیان» دا بەشدارییان کرد .

ئەو کۆنفڕانسە لە پێناو دارشتنی نەخشە ڕێگایەک بۆ ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانی مرۆیی بەردەوام لە شنگال و ناوچەکانی دەشتی نەینەوا دوای ڕزگار کردنی‌دا بەڕێوەچوو. ئەم کۆنفرانسە لە لایەن گروپی ژنانی سەرکردە لە کوردستان بە هاوکاری ڕێکخراوی « ئێمە « بۆ گەشەپێدانی مرۆیی و بە پاڵپشتی ڕێکخراوی ( HIVOS ) ساز درابوو.

لەو کۆنفرانسە دا کاربەدەست‌و بەرێوەبەرو کەسایەتییەکان بە نوێنەرایەتی لە سەرۆکایەتیی هەرێم، حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و هەروەها نەتەوە یەکگرتەوەکان، سەرۆکی ڕوحانیی ئێزیدییەکانی کوردستان، پارێزگاری دهۆک‌و قایمقامی قەزای شێخان هەر کامەیان لە سەر بابەتێکی پێوەندیدار بە چەمکەکانی ئاشتی‌و پێکەوە ژیان‌و هەروەها دارشتنەوەی نەخشە ڕێگایەک بۆ پرسی ئاوەدانکردنەوەو و گەشەپێدانی شنگال و ناوچە تازە ڕزگارکراوەکانی دەشتی نەینەوا ، وتار و بابەتەکانی خۆیان، پێشکەش کرد .

**خوێنەرانی بەڕێز!**

**لە لاپەڕە ٢ی ڕۆژنامەی «کوردستان» ژمارە ٦٥٠ هەواڵێک بڵاو بۆتەوە لە پێوەندی لەگەڵ کۆبوونەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و حیزبی شیوعیی کوردستان‌دا هەڵەیەکی تێدایە کە لە جیاتی کۆماری ئیسلامی نووسراوە کۆماری کوردستان!**

**داوای لێبوردن لە خوێنەرانی ڕۆژنامە دەکەین بۆ هۆی ئەم هەڵە تکنیکی‌یەوە.**

# ڕێورەسمی ٨ی مارس، ڕۆژی نێونەتەوەیی ژن

**دانمارک**

**کۆمیتەی فینلاندی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان لە بەرەبەری ٨ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژن، ڕێوڕەسمێکی پێک هێنا.**

کومیتەی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان ڕۆژی شەممە، ٢ی ڕەشەممە لە شاری تورکووی وڵاتی فینلاند بە ئامادەبوونی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامان‌و دوست ولایەنگرانی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان و ژنانی خەباتکارو ئازادیخواز ڕێورەسمێکی پێک هێنا.

ئەم ڕێورەسمە بە خوێندنەوەی سرودی نەتەوەیی ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی ڕێگەی ئازادی دەستی پێکرد ودواتر پەیامی یەکیەتی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان لەلایەن بەهار قادری خوێندرایەوە.

لە درێژەی بەرنامەکاندا وەستا رەحمان خالید نژاد پەیامی کۆمیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی بەو بۆنەوەیەوە پێشکەش کردو بەشێکی دیکەی ڕێورەسمەکە بریتی بو لە خوێندنەوەی شێعر و پەخشانی تایبەت بەو ڕۆژە کە لە لایەن مامۆستا نزار کوێستانییەوە پێشکەش کرا. دواتر هونەرمەندانی دەنگخۆش‌و دەست ڕەنگین ئامان بێتوشی، ڕەحمان حەسەنپوور و سدیق تەپەڕەشی بە چەند گۆرانییەک بەرنامەکەیان زیاتر ڕازاندەوە.

شایانی باسە برگەیەکی دیکەی بەرنامەکە تەرخان کرابوو بۆ نیشاندانی جلو بەرگی کۆنی ژنانی کوردەواری، کە لەلایەن بەشدارانەوە بە سەرنجەوە پێشوازیی لێکرا.

ڕاگەیەندراو

# به بۆنەی کۆچی ناوەختی تێکۆشەری دێرینی دیموکرات کاک عومەر حەمیدی

به داخ و کەسەرێکی زۆرەوە ڕادەگەیەنین کە بەیانیی یەکشەمە ١ی مارس( ١٠ی ڕەشەمە) تێکۆشەری سەرەدمە سەختەکانی خەبات و تێکۆشان، هاوڕێ عومەر حەمیدی لە وڵاتی فینلاند، بە هۆی ڕاوەستانی دڵ، کۆچی دوایی کرد.

عومەر حەمیدی ساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی (١٩٦٠ی زایینی) لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشی ناوچەی شنۆ دا لە دایک بوو. لاوێکی ١٩-٢٠ ساڵان بوو و دوا ساڵی قۆناغی دەبیرستانی دەخوێند کە شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوت و تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دیموکراتی کوردستان دەستی پێ کرد. هەر لە یەکەم مانگەکانی دەستپێکردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دیموکراتی کوردستاندا چەکی پێشمەرگایەتیی کردە شان و لە ڕێکخراوی حیزب دا، ڕووی کردە کاری تەشکیلاتی. تێکۆشانی ماندوویی نەناسانە لە نێو خەلکی دڵسۆز و دیموکراتپەروەری ناوچەی شنۆ و ڕاکێشانی متمانەی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب، بوو بە هۆی ئەوە عومەرحەمیدی بێتە ڕیزی یەکەمین ئەندامانی کۆمیتەی حیزبی لە شارستانی شنۆ. زستانی ١٣٥٩بەرپرسایەتیی ڕێکخراوی حیزب لە ناوچەی حەسەننوورانی پێ سپێردرا. بەهاری ١٣٦٠پێشنیاری کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکرات بۆ کارکردن لە ناوچەی هەوشاری بێ دوودڵی قبووڵ کرد. دوای ئەوەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی دەستیان بە سەرناوچەی هەوشار دا گرت،جارێکی دیکە بۆ تێکۆشان ڕووی کردەوە ناوچەی شنۆ.ساڵی ١٣٦٣لە کۆمیتەی شارستانی پیرانشار کار و ئەرکی حیزبیی درێژە دا. هەر لە کۆمیتە شارستانی پیرانشاریشەوە، بۆ بەشداری لە دەورەی بەرزی سیاسی، بە فێرگەی حیزب ناسێندرا.

کاک عومەر حەمیدی لە کۆنگرەکانی هەشتەم، نۆیەم و دەیەمی حیزب بە ئەندامی ڕێبەڕیی حیزب هەڵبژێردرا. لە ماوەی نزیک بە ١٠ ساڵ ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب دا، چەندین بەرپرسایەتیی قورسی لە سەختترین هەلومەرجەکان دا گرتە ئەستۆکە کە وەک نموونە دەتوانین ئاماژە بە بەرپرسایەتیی کۆمیتە شارستانەکانی شنۆ و ڕەبەت، بەرپرسایەتیی مەڵبەندی ٢ و مەلبەندی سپی سەنگ بکەین. عومەر حەمیدی ڕۆڵەی هەلومەرجە سەختەکان و تێکۆشەری ڕۆژی تەنگانە بوو.لە هەر شوێنێک و لە هەر ناوچەیەک، حیزبەکەی بە پێویستی زانیبا، ئامادەی خزمەت بوو. کادرێکی بە ئەزموون و پێشمەرگەیەکی نەترس و خەباتکارێکی خەڵکدۆست بوو. شانبەشانی بە دەستهێنانی ئەزموون لەمەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەبات دا، لە خوێندنەوە و خۆپێگەیاندن لە ڕووی سیاسی و فکرییەوەش غافڵ نەبوو. دوایین بەرپرسایەتیی ئەو، ئەندامەتیی کۆمیسیۆنی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران بوو.

بنەماڵەی عومەر حەمیدی، بەو هۆیەوە کە کوڕەکەیان ڕۆڵێکی بەرچاوی لە تێکۆشانی شۆڕشگێرانەی حیزبی دیموکرات دا هەبوو، لە ئەزیەت و ئازاری دەزگای ئیتلاعات بێبەش نەبوون.کاک محەممەدی باوکی،لە ئاکامی ئازار و ئەشکەنجە و لێدانی کاربەدەستان و بەکرێگیراوانی دەزگای سەرکوت و جاسووسیی ڕێژیم دا، تووشی ئازار و نەخۆشیی درێژخایەن بوو.

هاوڕێ عومەر حەمیدی لە کۆتاییەکانی دەیەی ٩٠ی زایینی ، لە تێکۆشانی تەواووەختی حیزبی دوور کەوتەوە، ڕێگای هەندەرانی گرتەبەر و سەرەنجام لە وڵاتی فینلاند گیرسایەوە. ئەو، لە دەرەوەی وڵاتیش ئەوەندەی بۆی کرابا بەشداری کوڕوکۆبوونەوە و چالاکییە نەتەوەییەکان دەبوو، ڕێزی لە تێکۆشان و خۆڕاگریی هاوڕێیانی لە کوردستان دەگرت و ئەوانی بۆ یەکگرتوویی و بەردەوامبوون لە سەر ڕێگای پڕشانازیی دیموکرات هان دەدا و، لە پشتیوانی و هاوپێوەندی لە گەڵ ئەوان دریغی نەدەکرد.

به کۆچی ناوەختی عومەر حەمیدی، حیزبی دیموکرات، تێکۆشەری ڕۆژە سەختەکان، و خەڵکی کوردستان، ڕۆڵەیەکی بوێرو بەوەفای خۆیان لە دەست دا. بەم بۆنەیەوە ، سەرەخۆشی و هاودەردیی گەرمی خۆمان بە هاوسەر و منداڵەکانی لە وڵاتی فینلاند و بە بنەماڵە بەڕێزەکەی لە شاری شنۆ ڕادەگەیەنین.

یادی خەبات و تێکۆشانی هاوڕێی خۆشەویست عومەر حەمیدی لە لای حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەمیشە بە بەرزی دەمێنێتەوە.



**ناوەندی ڕاگەیاندنی**
**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**١ی مارسی ٢٠١٥**
**١٠ی ڕەشەمەی ١٣٩٣**

# خۆپیشاندان لە «زوریخ»ی سویس بۆ مەحکوومکردنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی

کوردانی دانیشتووی شاری سوئیس لە سەر بانگەوازی کومیتە ی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتە خۆپیشاندانێکیان بۆ مەحکوومکردنی ڕەفتارو سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە برد.

لەو خۆپیشاندانەدا کە ڕۆژی دوشەممە، ١١ی ڕەشەممە بەڕێوەچوو، سەرکوتی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو بەردەوامیی سیاسەتی ئێعدامی لاوانی کورد لەلایەن ڕێژیمەوە مەحکووم کرا.

لەو خۆپیشاندانەدا کە بەبەشداریی دەیان کەس لە ئەندامانو دوستانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانو هەروەها نوێنەرانی چەند حیزبی کوردستانی بەڕێوەچوو، پەیامی کومیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە لایەن کاک ئەحمەد ڕەسووڵی، بەرپرسی کۆمیتە ناوچەی زوریخ پێشکەش کرا.

لەپەیامی کومیتەی حیزب لەو شارە، ئاماژە بە جینایەتەکانی ڕێژیمی ئێران دەرحەق بە کوردانی ڕۆژهەڵاتو ئێعدامی لاوانی کوردو سیاسەتی لە دواکەوتوویدا ڕاگرتنی ئابووریی کوردستان لەلایەن ڕێژیمو کوشتنی کۆلبەرانو کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکان کرابوو.

شایانی باسە لەو خۆپیشاندانەدا کۆمەڵێک تراکتو دروشمی تەبلیغی لە دژی کۆماری ئیسلامی لەلایەن بەشدارانەوە بە نێو خەڵکدا بڵاو کرانەوە.

# بەڕێوەچوونی سیمیناری ڕاپەڕینی ئیلام لە ساڵی ١٣٠٨

کۆمیسیۆنی ئامووزشی حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆبوونەوەیەکی لە ژێر سەردێڕی « ڕاپەڕینی ئیلام لە ساڵی ١٣٠٨» بۆ باس لە سەر مێژووی خەباتو بزاوتی سیاسیو بەرەنگاریی خەڵکی ناوچەی ئیلام لە مێژووی هاوچەرخدا پێکهێنا.

ئەو سیمیارە ڕۆژی چوارشەممە، ٦ی ڕەشەممە بەبەشداری دەیان کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کاک شۆڕش شاباز، پێشمەرگەی حیزب پێکهاتو بەڕێزیان لە سەرەتای باسەکەیدا پڕژایە سەر جوغرافیای سروشتیو سیاسیی شاری ئیلامو تیشکی خستە سەر بەستێنەکانی شۆڕشی شامحەممەد یاری.

کۆڕگێڕ باسی ئەوەی کرد کە لە ڕاپەڕینی شامحەمەددا زۆر خێڵ و ئیلاتیتری ناوچەکانی دیکە هاوکاری ئەم شۆڕشەیان کرد بەڵام ئەم شۆڕشە لە ساڵی ١٣٠٨دا تێکچوو. ئەو نەبوونی هەستی ناسیۆنالیستی گەشە کردوو، نەبوونی مێتودێکی هزری و سیاسی و نەخوێندەواریی وەک فاکتەرە سەرەکییەکانی تێکچوونی ئەم شۆڕشە ناوبرد.

ناوبراو هەروەها بە ئاماژە بە پێوەندی سەرکردەی ئەم شۆڕشە بە کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە گوتی کە سەرکردەکانی شۆڕشی ئیلام داوای چەکیان لە شێخ ئەحمەد بارزانی کردووە ئەمە وەک خاڵێکی دیار لە پێوەندی نێوان کوردەکانی پارچەکانی دیکەدا روون و ئاشکرایە. شۆڕش شاباز لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا گوتی یەکەم جار وشەی پێشمەرگە لە زمانی داربەگ ئەرغەن، یەک لە شۆڕشگێڕەکانی شامحەمەددا بە کار هاتوەو لە دوایین بەشی باسەکەیدا پڕژایە سەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئیلامو گوتی کە لەم شوێنە لە کوردستاندا هێشتا سیستەمی عەشرەتگرایی بە مێتودێکی نوێ زاڵەو ئەوەش وای کردوە کە کۆماری ئیسلامی بەردەوام ئەو ناکۆکییانە بە قازانجی سەپاندنی خۆی بقۆزێتەوە.



# دانمارک: هاوپێوەندیو هاوخەمیی کوردان لەگەڵ خەڵک

شەوی دووشەممە ١٦ی فورییە٢٠١٥ کاتژمێر ٨ی شەو، لە شارەکانی کۆپێنهاک، ئارهووس، ئالبۆرگ، وایلە ، ئۆدنسە ڕێوڕەسمی جەماوەریی سەدان هەزار کەسی، بە مەبەستی نیشاندانی یەکگرتوویی و هاوخەمیی دانمارکییەکان بۆ قوربانییانی تیرۆر و هاوکات دەربڕینی ڕق و بێزاری خۆیان دژ بە تێرۆر و تێرۆریستان بەڕێوەچوو. لە ڕێورەسمی هاوپێوەندی و هاودەردیی شاری کۆپێنهاگ دا، ژمارەیەکی بەرچاو لە کاربەدەستانو کەسایەتییە سیاسییەکانو بە دەیان هەزار کەس لە دانمارکی و خەڵکانی وڵاتانی جیهان، نیشتەجێی ئەو وڵاتە تێیدا بەشداربوون، ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردەکانی نیشتەجێی ئەو وڵاتە و ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، هاوڕێ لەگەل فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکانی دانمارک، بە ئاڵای کوردستانەوە بەشداریان کرد و وێڕای دانانی تاجە گوڵینە لە شوێنی کوژرانی قوربانیانی کردەوە تیرۆریستییەکانی ڕۆژانی شەممەو یەکشەممەی شاری کۆپێنهاگ، بە بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان سەرنجی بەشدارانی ئەو خۆپیشاندانە و میدیاکانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا. ئەوان لە وڵامی پرسیاری هەواڵنێران و ڕێبوارانːدا وێڕای مەحکووم کردنی تیرۆرو تیرۆریسم سەرنجی ئەوانیان بۆ شەڕی نێوان تیرۆریستانی داعشو نەتەوەی کورد ڕادەکێشا و بۆیان ڕوونکردنەوە کە ڕۆڵەکانی کورد چەندین مانگە بە خوێن و بە گیان بەرگری نەک تەنیا لە خاکی کوردستان، بەڵکوو بەرگری لە کەرامەت و گەورەیی مرۆڤایەتی ئازاد و سەرەوەری یاسا لە هەموو جیهاندا دەکەن.

# چالاکیی تەبلیغی بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک

**لە شاری کرماشانو بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک چالاکیی تەبلیغی کرا.**

ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە شاری کرماشان بەبۆنەی ٢١ی فێوریە (٢ی سەرماوەز)، ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک چالاکیی تەبلیغییان کردوە.

بەپێی ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو چالاکییە تەبلیغییەدا لە دوو ناوچەی خەییامو شاری فەرهەنگ تراکتو دروشمەکانی حیزب پێوندیدار بە بەرزڕاگرتنی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکو پێویستیی دابینکردنی ماف خوێندن بە زمانی دایکو بەڕەسمی ناسینی زمانی کوردی لە ئێران بڵاوکراوەتەوە.

گرنگیدان بە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک لەلایەن چالاکان و ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە حاڵێک دایە کە چەند ڕۆژ لەوە بەر لە کۆبوونەوەیەکی ئیداریی شۆڕای بەناوفەرهەنگیی ئیسلامئابادی ڕۆژاوا کە لە فەرمانداریی ئەو شارەو بە ئامادەبوونی فرماندار، بەرپرسی ستادی خەبەری ئیدارەی ئیتلاعات، بەرپرسی ئیدارەی فەرهەنگو ئێرشاد، شۆڕای شار، شارەدار، ئیمام جومعەو باوەڕپێکراوانی حکوومەتی بەڕێوەچوو، بڕیار دراوە پێناسەو ناوی کوردیی هەموو ناوچەکان، شەقام و گەڕەکەکانی ئەو شارە بگۆڕن.

شایانی باسە لەلایەن یونسکۆی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ٢١ی فێوریەی هەموو ساڵێک بە مەبەستی پاراستنی زمانی نەتەوەکان بە فەوتان وەک ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک ناسراوە، بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران بە حاشاکردن لە زمانی نەتەوەکان تا ئێستاش نەتەوەکانی ئەو وڵاتەی لە مافی خوێندن بە زمانی دایک بێبەش کردوە.

دریێژەی:

# ٨ی مارس نمادی یەکسانیی ژن و پیاو

هیچ ئایین و مەزهەبێکیش لە خۆیدا ناتوانێ مرۆڤەکان یەکسان ببینێو مافی وەکیەکیان بۆ لەبەرچاو بگرێ. بۆیە لە نێو دەسەڵاتێکی ئیدئۆلۆژی ئایینیدا یەکەم توێژ ژنانن دەکەونە بەر سەرکوتو زەوتکردنی مافەکانیان. ڕێبەرانی مەزهەبیی ئێران کە دەسەڵاتی بێسنوورو ڕەهایان بەخۆیان داوە، ئایینیان کردۆتە بیانوویەک بۆ هێرشکردنە سەر مافی دیموکراتیکی نیوەی کۆمەڵگە و، دژایەتییەکی ئامانجدارانەیان لەگەڵ ئەو نیوەیە لە کۆمەڵگە هەیە، چونکە ئەوان باش دەزانن ئەگەر ژنان لە بەند و ئەسیریدا بمێنەوە، نیوەکەی دیکەش بەبێ کێشە بۆ ئەوان لە ئەسارەت و دیلی ئەوانːدا دەبێ.

***

ئەمساڵ لە هەلومەرجێکدا یادی ٨ی مارس دەکرێتەوە، لە ناوچەکەی ئێمە (ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست) زیاتر لە هەموو کاتێک مافو ئازادییەکانی ژنان کەتۆتە مەترسییەوە.

**بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەو هێزە کۆنەپارێزانە کە هیچ بڕوایان بە ئازادی و ئینسانییەت و یەکسانیی ئینسانەکان نیە، خەباتی یەکگرتووانەو لێبڕاوانەی بە فکر و ئەندیشەی دەوێ. ژنانو پیاوانی ئازادیخواز چی دیکە نابێ قەبووڵی بکەن بەناوی پیرۆزییەکان، مافی بەختەوەری ئینسانەکان زەوت بکرێ**

کێشەو قەیران و شەڕی ئایینی لە عێراق، سووریە و هێندێک وڵاتی دیکە بۆتە هۆی پەرەسەندنی زیاتری دیاردەی توندوتیژی دژی ژنان. دەستدرێژی، توندوتیژی بنەماڵەیی، کڕین و فرۆشتنی ژنان و وەحشیگەری دژی ئینسانەکان، هەمووی ئەوانە لە ناوچەکەدا ئەگەر لە پێشدا بەهۆی دەسەڵات و حاکمان و کەلتووری پیاوسالارییەوە و، لەسەرووی هەموویانەوە کۆماری ئیسلامی، ژیانی لە ژنان ناخۆش کردبوو، ئێستا بە هۆی سەرهەڵدانی ئەو گرووپە کۆنەپەرست و توندڕەوانەی وەک داعش کە بێبەریین لە هەرچەشنە بەهایەکی ئینسانی، بە ناوی دین و پابەندبوون بە بەهاکانی دین، توندوتیژییەکان لە دژی مرۆڤەکان بە تایبەتی ژنان بەوپەڕی خۆی گەیشتووە. نموونەی هەرە بەرچاو لە ساڵی ٢٠١٤دا لە لایەن ئەو گرووپە ئیسلامییەوە بوو کە بەسەر ژنانی و کچانی شەنگالی باشووری کوردستان هات. بە هەزاران ژن و کچی ئێزەدی لە ژێر ئاڵای ئایینیدا ئەسیر کران و دەستدرێژییان کرایەسەر و برانە بازاڕەکانی کڕین و فرۆشتن. ئەوەی داعش ئەمڕۆ بەناوی پێڕەوانی ڕاستەقینەی ئایینی ئیسلام بەسەر کەمایەتییە ئایینییەکانی دیکەی وەک ئێزەدییەکانیان هێنا و دنیا شاهیدی جینایەتەکانیانە، ٣٦ ساڵ لەمەوبەر دەسەڵاتدارانی ئێران بەشیوەیەکی دیکە کەوتنە دژایەتی لەگەڵ جیابیران و ژنان لە ئێراندا. پاسدارانی خومەینیو ئاخوندە کۆنەپەرستەکان کە خۆیان بە پاسداری «حیجاب» و پاکداوێنی ژنانی ئێران دەزانی، یەکەم توێژ کە زۆرترین هەڵاواردنیان لە دژی کرد، ژنان بوون و ئەم شەڕە لەگەڵ ژنان وەک سڕینەوەو کوشتنی جیابیران تا ئەمڕۆش درێژەی هەیە.

بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەو هێزە کۆنەپارێزانە کە هیچ بڕوایان بە ئازادی و ئینسانییەت و یەکسانیی ئینسانەکان نیە، خەباتی یەکگرتووانەو لێبڕاوانەی بە فکر و ئەندیشەی دەوێ. ژنانو پیاوانی ئازادیخواز چی دیکە نابێ قەبووڵی بکەن بەناوی پیرۆزییەکان، مافی بەختەوەری ئینسانەکان زەوت بکرێ. پێویستە ژنو پیاوی کورد لە هەموو جێیەکی کوردستان خۆڕاگرییە ١٠٠ ڕۆژەو و ئازایانەکەی ژنان و پیاوانی کۆبانێ بکەن بە ئۆلگوو لەپێناوی ژیانو ئازادییە ئینسانییەکانیاندا. ڕەوتی ئازادی و یەکسانیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و وڵاتی ئێمەش هەڕەشەیەکی گەورەی لەسەرە. ئایینی ئیسلامی سعودییو ئێرانی، وێنەیەکی سادەی ترسناکە لەسەر ئازادیو پێشکەوتنی کۆمەڵگا بە ژنو پیاوەوە. هەر ئایینێک کە ڕەوایی بدا بە کوشتن، سووکایەتیو قیزەونکردنی مرۆڤەکان، دەبێ ڕێی لێبگیرێ. بۆیە خەباتی فکریی یەکگرتوانە و بەربڵاوی ژنانو پیاوانی یەکسانیخواز دەتوانێ زامنو ڕێگر بێ لەسەر ئەو هەموو سەرکوت و جینایەتانەی لە دژی ئینسانەکان ڕۆژانە ڕوودەدەن.

### عەبدوڵڵا حەسەنزادە:

# ئێستاش حەق وایە وتاری میتینگی ١١ی ڕەشەممەی ١٣٥٧ بکەینە سەرلەوحەی بەرنامە سیاسی‌یەکانمان

## لە یادی میتینگی ١١ی رەشەمەی ١٣٥٧دا لە وتووێژ لەگەڵ بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەنزادە کەسایەتی سیاسیی نێو بزووتنەوەی کوردستان؛



**ئارەش لورستانی: بەباوەڕی بەڕێزتان گرینگی میتینگی ١١ی رەشەمەی ١٣٥٧ لە بزوتنەوەی کوردو بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چی دایە؟**

ئەو میتینگە لەو بابەتەوە شتێکی تایبەتی بوو کە پاش نیزیک بە ٣٤ ساڵ تەمەنی حیزبی دێموکرات کە دەوری ٣٢ ساڵ زیاتریشی لە خەباتی نەهێنی‌دا بوو، بە ئاشکرایی‌و لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا دەگیرا، ئەوە بایەخێکی زۆری هەبوو کە حیزبی دێموکرات جارێکی دیکە پەیمان دەگەڵ خەڵکی خۆی تازە بکاتەوە، ئەو پێوەندی‌یە مەعنەوی‌یە کە لەو ماوە دوورو درێژەدا هەبوو، هەم گرێ بداتەوەو هەم بە هێزی بکا، چونکە ئەو کاتەی سیاسەتەکان ڕووبەڕوو بە تایبەتی لە زمانی سیاسەتمەدارێکی گەورەوە باس دەکرێن پێوەندی لە نێوان حیزبو کۆمەڵانی خەڵکدا پتەوتر دەبێ.

پاشان ئەگەر تەماشا بکەین دەبینین بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە ئاخرو ئۆخری نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە بە دامەزرانی حیزبی دێموکراتو کۆماری کوردستان کەوتۆتە قۆناغێکی تازەوە، لە هێندێک حاڵەتی ئیستسنائی‌دا نەبێ لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکی مەنتەقەی موکریان‌دا قەتیس ماوە. بەڵام لەو میتینگەدا کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە هەموو بەشەکانی کوردستانەوەو تەنانەت لە شارەکانی دیکەی ئێرانیشەوە، وەک تەورێزو تارانو هی دیکە و لە دانیشگاکانەوە هاتبوونو بەشدار بوون. ئەوە بایەخێکی دیکەو بەربەرینی‌یەکی دیکەی بە مەسەلەکە دەبەخشی.

**ئارەش لورستانی: شۆڕشی ٥٧ چ گۆڕانێکی بەسەر ئەو بزووتنەوەیە هێنا کە ئاشکرا لە گۆڕەپانی خەبات دا بووە؟**

ئەمن پێم وانیە مەسەلەکە ئەوە بێ کە ئینقلابی ٥٧ شتێکی تایبەتیی بۆ ئەو بزووتنەوەیە هەبووبێ. بەڵێ ئینقلابی ٥٧ درفەتێک بوو بۆ ئەوەی هەموو کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە هەر میللیەتێکو لە هەر توێژێکی کۆمەڵایەتی بێنە مەیدانو داخوازەکانیان خۆیان مەترەح بکەن. بەڵام سەرکەوتنی ئینقلاب ئەو درفەتەشی خوڵقاندبوو کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بتوانێ لە وەختێکی وادا ئەوپەڕی ئیستفادە لە دەرفەتەکە بکاتو خۆی بناسێنێ. ئەو میتینگە کە گیرا هێندێک فەلسەفەی تێدا هەبوون. یەکیان ئەوە کە حیزبی دێموکرات وەختی خۆی بە بێ پرسی دەوڵەتی مەرکەزی دامەزرابوو، لە ماوەی ٣٤ ساڵ تەمەنیشی‌دا وەک گوتم خەباتی نهێنیی بەڕێوە بردبوو. ئێستاش کە دەیەویست خەباتی ئاشکرا دەست پێ‌بکا. ئەگەر بیویستایە تەقازا بدا بۆ ئەوەی موجەوویزی خەباتی عەلەنی وەر بگرێ،لەوانە بوو تا ئێستاش جوابی ئەو تەقازایە وەرنەگرێتەوە.

بۆیە حیزبی دێموکڕات بە دروستی زانی هەر وەک لە وەختی خۆی‌دا بێ موراجەعە بە دەوڵەتی مەرکەزی دامەزرابوو، بە بێ موراجەعە بە دەوڵەتی مەرکەزییش ئیعلانی خەباتی ئاشکرا بکاو دەوڵەتی مەرکزی‌و دەسەڵاتەکەی -وەک دەڵێن- لە موقابیل عەمەلی ئەنجامدراودا دابنێ. چونکی ئەگەر لەو وەختەدا موخالەفەتی کردبایە ئەورێژیمە تازەیە کە خۆی بە ئینقلابی‌و تەرەفداری خەڵک دەزانی، هیچ ئابڕوویەکی بۆ نەدەما. هەر بۆیەش دیتمان کە وەختێک حیزبی دێموکڕات ئیعلانی خەباتی ئاشکرای کرد دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی هیچ عەکسولعەمەلێکی نیشان نەدا، هەرچەند ئەو وەختی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بەو شێوەیە نەبوو، بەڵام بە هەرحاڵ ئەو دەوڵەتە ئیسلامی‌یە بوو.

لایەکی دیکەشی ئەوە بوو کە حیزبی دێموکرات تا ئەودەم زۆرتر پێوەندی‌یەکی مەعنەویی لەگەڵ خەڵک هەبوو، بەڵام لەوێ‌دا هات بە هەموو سیاسەتەکانیەوە خۆی موعەرریفی کرد. سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو جۆرە کە هەبوو، بەرداشتی لە کۆمەڵی تازەی ئێران، لە سیستمی ئێران، لە بەرنامەی تازەی حکوومەتی ئێران کە دەبێ چۆن بێ، ئەو شتانەی هەموو بە زمانێکی زۆر سیاسی‌و زۆر ئاشتی‌خوازانە تەرح کردو گوتی دەوڵەتێک کە داوای ئینقلابی‌بوون دەکا دەبێ چۆن ڕەفتار بکا.

هەر لەوحاڵەدا داخوازەکانی میللەتی کوردیشی دووبارە بە شێوەیەکی سیاسی و ئاشتیخوازانە زۆر بەڕوونی هێنانە گۆڕێ.

**ئارەش لورستانی: بەرێزتان ئاماژەتان بە دژکردەوەی دەوڵەتی ناوەندی لە بەرانبەر ئەو کارەدا کرد، هەروەها رۆژنامەی «اطلاعات» دەنووسێ زیاتر لە٢٠٠ هەزار کەس بەشداری میتینگی مهاباد بوون، ئەم کارە لەلایەن رەوت و لایەنەسیاسییە ئێرانییەکان کە دروشمی سەراسەریی ئێران‌یان هەڵگرتبووو دەگەڵ دروشمی نەتەوەخوازی بزاڤی کوردی نەبوون، یان هەر بەتەواوی پێی نامۆ بوون، پێشوازی لێ‌نەکرا، کەواتە دژکردەوەی راستەقینەی ئەوان چ بووە هەروەها دەوڵەتیش هەڵسوکەوتی چۆن بوو دەگەڵ ئەو لایەنانە؟**



لە پێش دا با بڵێم بە باوەڕی من دوو ڕەقەمی کەمێک دوور لە حەقیقەت لەسەر میتینگی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ دەگوترێن.

هێندێک کەس دەڵێن مەسەلەن ٥٠هەزار کەس ٦٠هەزار کەس بەشدار بوون، واتە دەیهێننە خوار ١٠٠ هەزار کەس. ئەوە ناواقیعی‌یە. ئەوەش کە ئیتلاعات گوتوویەتی نازانم لەڕووی چیەوە گوتوویەتی، دیسانەکە موبالەغەی تێدایە. بە باوەڕی من میتینگی ١١ی ڕەشەمە ئەگەر بتژماردایە -کە نەدەژمێردرا- دەوری ١٠٠ تا ١٣٠ هەزار کەسێکی تێدا بوو.

ئەوەش کە دەڵێم لە ڕووی حدس و گومانەوە ناڵێم، گومانەکە زۆر بوو بەڵام ئێمە رۆژی پێش میتینگەکە چونکی داواکرابوو خەڵکی لەلاوەش‌ڕا بێن،و لەلای دیکەش زستان بوو ئەگەر زووتر نەهاتبانو شەوێ لەوێ نەبانایە لەوانە بوو فریا نەکەون، ستادێکمان پێک هێنابوو بۆ ئەوەی ئەو خەڵکەی کە دێن بەسەر ماڵان‌دا دابەش بکا.

ئەوانەی لە ستادەکەدا کاریان دەکرد بۆ منیان باس کرد ئەو ئێوارەیە ٦٣هەزار کەسیان میوان وەرگرتووەو بەسەر ماڵەکانی مەهابادا تەوزیعیان کردوون. خۆ ئەوە هیچ کەسی مەهابادی تێدا نەبووە، هیچ کەسی دەوروبەری مەهابادیشی تێدا نەبوو، حەتا مەسەلەن شارێکی وەکوو شنۆ و میاندواوو تەنانەت بۆکانو ئەوانەشی بە ئیحتمالی زۆر تێدا نەبووە. بۆیە ڕەقەمێکی لە حدوودی ١٢٠ ، ١٣٠ هەزار کەسی ڕەنگە دەقیق‌ترو لە واقیعییەت نیزیکتر بێ.

ئەوە کە عەکسولعەمەلی سازمانە سەرتاسەری‌یەکان چۆن بوو، ئەوەندەی ئاگام لێ بێ عەکسولعەمەلێکی موخالیفیان نیشان نەدا، لەگەڵ ئەوە ڕەنگە هێندێکیان خۆشحاڵ نەبووبن. بۆ حیزبی توودە کە ڕۆژێک ئیددیعای دەکرد حیزبی دێموکڕات شاخەیەک لەوەو دەیهەویست قووتی بدا، ئەگەر لە هەموو ئێران‌دا تەرەفدارەکانی خۆی کۆ کردبانەوە بۆی نەدەگەیشتە ٥هەزار کەس ، حەتمەن خۆش نیە حیزبی دێموکرات میتینگێکی ١٥٠١٠٠، هەزار کەسی تەشکیل بدا. دیارە ڕێکخراوی واش هەبوون بۆ وێنە ڕێکخراوێکی ئازەربایجانی (بەداخەوە ناوەکەیم لەبیر نیە) کە لەمیتینگەکەدا بەشدار بوونو پەیامیان خوێندەوە.

لەڕاستی‌دا مەوقیعییەتەکە وابوو کە ئەوانەی موخالیفیش بوون نەیان‌دەتوانی موخالەفەتی خۆیان دەرببڕن چونکی موخالەفەت لەگەڵ هەنگاوێکی ئاوا ئاشتیخوازانەو دێموکراسی‌خوازانە بۆخۆیان گران تەواو دەبوو. کەوایە، هەڵبژاردنی ئەو مەوقیعییەتەش کارێکی زیرەکانە بوو.

**ئارەش لورستانی: مامۆستا مەبەست لەو میتینگە کۆکردنەوەی خەڵکو لایانگرانی حیزبی دێموکڕات لە دەوری ناسیونالیزمی کوردی بوو یان خودی حیزب، دوکتور قاسملوو، بەرێزتان یان خوالێخۆشبوو عەزیز یوسفی دەتانەویست ڕێنوێنییەکی تایبەت بدەن بەخەڵکی بۆ ئەوەی ئاراستە بەو بزووتنەوەوە ببەخشن؟**

لێرەدا دەبێ دووشت بڵێین. یەکیان ئەوە کە مەرحوومی عەزیزی یووسفی نەمابوو، ٧مانگ ٨مانگ پێشتر فەوتی کرد بوو. ئەوەی دیکەشیان ئەوەیە کە ڕاستە ئەمن لەوێ‌دا قسەم کردوە و قسەکانیشم وا دیار بوو خەڵک پێی باش بوون، بەڵام لە واقیع‌دا قارەمانی ئەسڵیی داستانو ڕێبەڕی ئەو حەرەکەتە لە باری سیاسی‌یەوە هەر دوکتۆر قاسملوو بووە. هەدەفەکە زۆر شت بوو، هەروەکوو لەپێشدا گوتم تازە کردنەوەی پێوەندی‌یەکان، پێکەوە گرێدانی هەموو بەشەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو کۆکردنەوەیان لە یەک جێ‌دا.

لە هەمووی گرنگتر ناردنی پەیامێکی یەکدەست بۆ هەمووان، چونکە ئەو وەختی حیزبی دێموکرات جارێ ڕێکخراوێکی ئاوای نەبوو کە ئەندامەکانی و مەسئوولەکانی هەموو کارکوشتە بووبن و هەموو مەعلووماتیان لەسەرێ بێ، کلاسیان دیبێ و لە مەکتەبێک‌دا پەروەردە کرابن. ڕەنگ بوو بە پێی سەلیقەی خۆیان هەر مەسئوولە لە شوێنی خۆی‌دا، لە چوارچێوەی خەتە گشتی‌یەکەدا جۆرێک تەبلیغ بۆ سیاسەتی حیزب بکا.

کەوایە گرنگ بوو کە ئەو خەڵکە پەیامی حیزبی دێموکراتو سیاسەتی حیزبی دێموکرات بەسەر یەکەوە، لەیەک جێ‌و وەک یەک لە زمانی سەڵاحیەتدارترین عونسوری ئەو حیزبەو زاناترینو شارەزاترین ئینسانەکانی ئەو حیزبەوە ببیسن.

ئەوە هەدەفێکی زۆر موهیم بوو کە بە باوەڕی من زۆریش کۆمەگی بە ئینسجامی فکریی حیزبی دێموکرات کرد. با ئەوەی لە پەڕانتێزدا بڵێم « دوای ئەو میتینگەش جاری‌وا بوو ئێمە کە لە هەموو مەنتەقەکان کۆمیتەی شارستانمان پێک هێنابوو،و تەنانەت هەموانیشیان هەریەکە بۆ خۆی نەشریەیەکی دەردەکرد، زۆرجار دەماندی نەشریە یان بەیاناتی مەسئوولێک یا ئۆرگانێک هەم دەگەڵ یەکی دیکە تەزاددی هەیە هەم جاروبار هەڵوێستی هەردووکیان لەگەڵ سیاسەتی گشتیی حیزب دێموکراتی کوردستان بە جۆرێک لە جۆرەکان لە ناتەبایی‌دایە، یانی پێکەوە نەیان‌دەخوێندەوە. بۆیە زۆر موهیم بوو کە پەیامەکە یەکدەست بە هەمووان بگا.

**ئارەش لورستانی: پێتان وایە ڕاستە بڵێین میتینگی ١١ی ڕەشەمە ئەو رۆژە بوو کە دوکتور قاسملوو لە ئاستی جەماوەری دا وەک لایەنی سەرەکی کورد ڕوو بە حکوومەتی ناوەندی ناسرا؟**

دوکتۆر قاسملوو تا ئەو وەختی‌لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا ناسیاوی‌یەکی زۆری نەبوو، بەڵام لە نێو خەڵکی سیاسی و حیزبی‌دا

**گرنگ بوو کە ئەو خەڵکە پەیامی حیزبی دێموکراتو سیاسەتی حیزبی دێموکرات بەسەر یەکەوە، لەیەک جێ‌و وەک یەک لە زمانی سەڵاحیەتدارترین عونسوری ئەو حیزبەو زاناترینو شارەزاترین ئینسانەکانی ئەو حیزبەوە ببیسن.**

**ئەوە هەدەفێکی زۆر موهیم بوو کە بە باوەڕی من زۆریش کۆمەگی بە ئینسجامی فکریی حیزبی دێموکرات کرد**

پێشتریش وەکوو عونسوڕێکی کاریگەرو شارەزا لە سیاسەت ناسرا بوو، بەڵام ئەوە کە خەڵک بەرەوڕوو لەگەڵ قاسملووی ئاشنا بن تەئسیرێکی باشتری هەبوو. دوو شتیش لە موقابیل دوڵەتی مەرکەزی‌دا هەبوون، بە بێ ئەوەی بمەوێ خوانەخواستە لە قەدری هیچ حیزبێک و ڕێکخراوێکی دیکە کەم بکەمەوە، حیزبی دێموکرات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکوو تەڕەف و وەکوو موخاتەبی ئەسلیی دەوڵەتی مەرکەزی دەناسرا. بەبێ شک لە عونسوریش‌دا لە ڕێبەرییش‌دا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە داخەوە تا ئێستاش قاسملوو تکرار نەبۆتەوە. کەسێکی دیکەی وەکوو قاسملوومان نەبووە. کەوابێ تەبیعەتەن موخاتەبی ئەسلی وەکوو ڕێبەری دوکتور قاسملوو بوو، وەکوو حیزب و

ل ٥

# ٣٦ ساڵ دوای میتینگی مەزنی مهاباد



ئارەش لورستانی
وەرگێڕانی: ئاڵەشین

حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئیمانێکی قوڵی بە دیموکراسی هەیەو، ئامادەیە هاوکاریی دەگەڵ هەموو حیزب و دەستەیەکی سیاسی لە سەرانسەری ئێران و ناوچەی کوردستاندا بکا، ئێمە لە کانگای دڵەوە دەڵێین کە زۆر نوقتەی هاوبەش هەیە، کە لەسەریان دەتوانین لەگەڵ هەموو هێزەکانی نیشتمانپەروەر و پێشکەوتوو هاوکاریی بکەین.

١- دامەزراندنی جمهوری دیموکراتی لە ئێراندا.

٢- دابینکردنی مافی خودموختاری هەموو گەلانی ئێران لە چوارچێوەی وڵاتدا.

٣- دابینکردنی ئازادییە دیموکراتیکەکان بۆ هەموو حیزبو دەستەیەکی سیاسی نیشتمانی بە بێ جیاوازیی.

٤- دارشتنی سیاسەتێکی ئابووری بۆ پاراستنی قازانجی خەڵکو بەرزکردنی پایەی ژیانی زەحمەتکێشان.

٥- چارەسەرکردنی گیروگرفتی زەوی بە قازانجی جووتیارانی هەژارو ناوەندی، زەوی دەبێ بدرێ بەو کەسەی کە دەیکێڵێ.

٦- مەحدودکردنی سەعاتی کاری حەفتەیی کرێکارانو، دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ هەموو کرێکارانو زەحمەتکێشان.

٧- لەنێوبردنی نەخوێندەواریو بەرزکردنی پایەی فەرهەنگیو زانستی گەلانی ئێران لەسەر بناخەی پەرەپێدانی زمانی زکماکی هەموو نەتەوەیەک.

٨- دواییهێنان بە نفووزی ئیمریالیزم بە تایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکاو، هاتنەدەر لە پەیمانەکانی نیزامی و گرتنەپێشی سیاسەتێکی سەربەخۆی دەرەوە.

٩- هاودەردی و لایەنگری هەموو جووڵانەوەکانی رزگاریخوازی و پشتگرتنی مافی دانانی چارەنووسی نەتەوەکان بەدەست خۆیان.

١٠- دامەزراندنی پێوەندیی دەگەڵ هەموو وڵاتێک کە لە سەر ئەساسی ڕێزگرتنی یەکتر و ناسینی حاکمییەتی نەتەوایەتیو دەستتێوەرنەدان لە کاروباری ناوەوەی یەکترو پێکهێنانی پێوەندی دۆستایەتیو هاوکاری لەگەڵ وڵاتانی دژی ئیمپرسیالستیو سۆسیالیستی.

ئەم وتانە گرنگترین بەشی قسەکانی دوکتور قاسملوون، کە ڕێکەوتی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ لە شاری مهاباد لە نێو ئاپۆرای خەڵکدا بانگەوازی بۆ کردن. ئەمرۆکە ٣٦ ساڵ بەسەر ئەو سەردەمدا رادەبرێو، نزیک بە ٤ دەیەیە سیستمی حکوومەتیی لە شایەنشاییەوە گۆڕاوە بۆ کۆماری ئیسلامی؛ ئایا ئەو وتانە بە مێژوو ئەسپاردراونو بوون بە مێژوو یان لانی چەندی ئەو داواو خواستانە بە ئاکام گەیشتوون؟

شرۆڤەیەکی وردو تیژبینانەی ئەو ١٠ بەندی سەرەوە، باشترمان لە دادوەرییەکی راستو لۆژیکی نزیک دەکەنەوە. کەواتە بە گوێرەی مەودای نووسینەکەمان هەوڵ دەدەین تا ئەو جێیەی بوارمان دەبێ گرنگترین خاڵەکانی تاووتوێ بکەین:

١- دامەزراندنی جمهوری دیموکراتیک لە ئێراندا.

ئەگەرچی ئەو وتانەو بە تایبەت دروشمی کۆماری دیموکراتیک بۆ ئێران مانگێک بەر لە گشتپرسی ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ هاتەگۆڕێو، هەر بە هۆی هێنانە ئارای ئەو پرسە لە لایەن حیزبی دیموکرات و دوکتور قاسملۆوە بوو؛ دواتر حیزب بایکۆتی گشتپرسی کردو لە لایەن زۆربەی خەڵکی کوردیشەوە پێشوازی گەرمی لیکرا، بەڵام لە ناوچەکانی دیکەی ئێران بەشداران زۆرترینیان دەنگیان بە کۆماری ئیسلامی داو، هەروەک ئەمڕۆش دەبینین هەموو لایەنە سیاسییەکانو تەنانەت بەشێک لەو کەسانەی پێشتر بەشێک بوون لە سیستمی دەسەڵاتدار، هەنووکە دروشمی حکوومەتی سیکۆلارو دیموکرات بەرزدەکەنەوە.

٢- دابینکردنی مافی خودموختاری هەموو گەلانی ئێران لە چوارچێوەی وڵاتدا

دروشمی ئۆتۆنۆمی یا بەڕێوەبردنی کوردستان بە دەستی گەلی کورد، یەکێکە لە بنەڕەتیترین دروشمەکانی بزاڤی میللی-دیموکراتکی کورد، کە تا ئێستاش نەک بە ئاکام نەگەیشتوە، بەڵکو هەروا لە سەرووی داواکانی پارتە کوردییەکان، بە تایبەت حیزبی دیموکراتەوەیە.

٣- دابینکردنی ئازادییە دیموکراتیکەکان بۆ هەموو حیزبو دەستەیەکی سیاسی نیشتمانی بە بێ جیاوازیی.

دەبینین دوای هاتنە سەرکاریی کۆماری ئیسلامی زیاترین هێرش و سەرکوت بۆ سەر پارتە ئێرانییەکانو بە تایبەتی کوردستانییەکان دەست پێدەکاو، بۆ نموونە کوشتاری زیندانییە سیاسییەکانی ساڵەکانی ٦٢ تا ٦٧، تیرۆری کەسایەتییە سیاسییەکان و ئێعدامی بەردەوامی لایەنگرانی پارتەکان کە بە گوێرەی ئامار زیاترینیان زیندانی سیاسی و ئێعدامکراوەکان کوردن.

٤- دارشتنی سیاسەتێکی ئابووری بۆ پاراستنی قازانجی خەڵکو بەرزکردنی پایەی ژیانی زەحمەتکێشان.

دۆخی ئابووری کۆماری ئیسلامی و سیاسەتی ئابوورییەکەی یەکێکە لە پرسە قەیراناوییەکانی گەلانی ئێران، کە بە تایبەتی دەگەڵ گەمارۆ نێونەتەوەییەکان دژی ئێران؛ ئەو رەوشە گەیشتوەتە خراپترین دۆخی خۆی. خاڵی گرنگتریش پێگەی بەرزی سپای پاسدارانە لە هەموو پرۆژەو گەڵاڵە ئابوورییەکان کە ئەو ئابوورییە سەربازی و ئەمنیەتییە بەرژەوەندی هەموو نەتەوەکانی ئێران قوربانی ئامانجەکانی خۆی کردوە.

٥- چارەسەرکردنی گیروگرفتی زەوی بە قازانجی جووتیارانی هەژارو ناوەندی، زەوی دەبێ بدرێ بەو کەسەی کە دەیکێڵێ

ئەگەر بڕوانینە ئاماری هاوردەی سەرسامهێنەری خۆراک و خواردەمەنی لە وڵاتانی دەرەوەو، هەروەها کۆچی لەرادەبەدەری جووتیاران بۆ شارەکان، دەبینین ئەو پیشە بنەڕەتییە بووە بە گۆڕەپانی راوو رووتی دەڵاڵەکان و وەرزێری لە ئێران بە کردەوە تووشی کارەسات بووە.

٦- مەحدودکردنی سەعاتی کاری حەفتەیی کرێکارانو دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ هەموو کرێکارانو زەحمەتکێشان

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بازاری کاری ئەمڕۆی ئێران، زۆربوونی سەعاتی کارە لەچاو حکوومەتی پێشوو و تەنانەت چەند دان کارکردنی زۆربەی کرێکاران لە شارە گەورەکان. لانیکەمی مووچەی پەسندکراوی وزارەتی کار هەمیشە کەمترە لە لانیکەمی دابینی ژیانی تاکێکو زۆربەی خەڵکی ئێران لە ژێر هێڵی هەژارییەوە دەژین و خاڵێکی گرنگی دیکەش ڕێژەی بەرزی بێکارانە کە بەگشتی لاوانن، کە دیارە ئامارێکی ورد لەبەر دەستدا نییەو سیستمی حاکم بەو شێوەیەی پێی باشە ئامارەکان بڵاودەکاتەوە.

٧- لەنێوبردنی نەخوێندەواریو بەرزکردنی پایەی فەرهەنگیو زانستی گەلان ئێران لەسەر بناخەی پەرەپێدانی زمانی زکماکی هەموو نەتەوەیەک

دەبینی لە ئێران، دوای شۆڕش فەرهەنگو بەرزکردنەوەی فەرهەنگی کۆمەڵگە بە تەواوەتی دەکەوێتە دەسەڵاتی حکوومەتەوە، نەتەوەکانی ئێران ناتوانن بە زمانی زگماکی بخوێنن و لە ژینگە فەرمییەکان زمانی فارسی زمانی نووسینو خوێندنو قسەکردنە. ستانداری پەروەردەیی ئێران زۆر لە وڵاتانی گەشەسەندوو لە خوارترەو هەروەها هەڵاتنی مێشکەکانو کەسانی خوێندەوار لە ئێران کە هەلومەرجەکە بۆ چالاکیو پێشکەوتن بە باش نازانن؛ ئەوەندی دیکە هەلومەرجەکەی قەیراناویتر کردوە.

٨و ٩و ١٠ لەسەر سەربەخۆیی سیاسەتی دەرەوەو خەباتی دژی کەڵکئاژۆییو هەڵپەرستی وڵاتانی دیکە دەدوێ و، کۆماری ئیسلامی ئێران هەمیشە بە ئاژاوەگێڕی دژ بە زلهێزەکانو یان دانی پووان بە هەندێک وڵاتی دراوسێی وەک رووسیە، سیاسەتێکی پڕ کێشەو ئارێشەی رەچاوکردوە کە تێچووی میلیاردان دولاری خستۆتە سەرشانی. میلیاردان دولاری بۆ بەهێزکردنی گرووپە تیرۆریستیو بنئاژۆخوازەکان تێچاندوەو بەرژەوەندی گەلانی ئێران فیدای پەرەپێدانی ئیسلامی شیعی و تەنانەت نانەوەی کێشە و ئاژاوەی لە نێوان سوننەکان کردوە. لە ئاکامدا دەبینین سەرەڕای تێپەڕینی ٣٦ ساڵ لە شۆڕشی ٥٧، ئەگەر ئێستاش گوێ لە قسەکانی دوکتور قاسملوو بگرین؛ دەردەکەوێ ئەو ماف و داوایانە هەروا لە ئەولەوییەت دانو زۆربەیان دابین نەکراون، کە ئەمەش بەڵگەیەکی قایمو قوڵە بۆ رئیالیستبوونی دوکتور قاسملووو حیزبی دیموکراتو، هەروەها روونو ئاشکرایە خەباتو تێکۆشان تا گەیشتن بەو ویستو داخوازییە مرۆییانە بەردەوام دەبێ.



دریژەی:

# وتووێژ لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادە

جەریانیش حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو.

**ئارەش لورستانی: مەسەلەیەکی دیکە ئەوەیە؛ دەبینین دوای کۆماری کوردستان ئەو میتینگە دەبێ بە دەستپێکی تەڤگەرێکی تەواو جیاواز لە قۆناغی بەرلەخۆی، واتە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە هەموو بوارەوە بەتایبەت ساختار و پێکهاتەیەکی جیاوازەوە دەردەکەوێ. دەبینین حیزبی دێموکڕات سەرەڕای ئەو هەموو هێرش و هورووژمانەی کوردستانی کردبووە نیشانە، کاری خۆی دەکاو یەکێکە لە گەورەترین پارتە بە هێزەکان. بەرێزتان لەمبارەیە ڕاتان چییە؟**

ئەمن لەگەڵ خودی پرسیارەکە بەو جۆرە موافق نیم، یانی وا بۆ مەسەلەکە ناچم. ئەمن گەورەییو وسعەتی فکری پێشەوا قازی محەممەد لەوەدا دەبینم کە لەو سەردەمیشدا شەخسی کاریگەر هەر قازی محەممەدە. بۆیە نەک هەر تا دەورانی دوکتور قاسملوو بەڵکوو تا ئێستاش هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی پێشەوا قازی محەممەدی لە حیزبی دێموکراتو لە بزووتنەوەی کوردی ئێراندا هەر لەجێی خۆیانن.

بەڵام لە پاش ڕووخانی کۆمار تا دەگاتە ساڵی ٥٧و میتینگی ١١ی ڕەشمەی ٥٧ هەمووی دەورانی خەباتی (نهێنی)یە حیزبی دێموکرات غەیری یەک دوو دەرفەتی وەک هەڵاتنی شا لە ساڵی ٣٢دا یان ئینتخاباتی ساڵی ١٣٣٠ کە توانیویەتی خۆی بنوێنێ، دەرفەتی دیکەی بۆ نەخوڵقاوە. بۆیە لەو دەرفەتەدا کە ساڵی ١٣٥٧ پێکهات گرنگ ئەوە بوو، سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات لە زمانی ئینسانێکی شارەزاوە بە وردیو بە شێوەیەکی مۆدێرنو ئەوڕۆژیو بە زمانێک کە هەموو کەس تێیبگا مەترەح بکرێن. ئەگەر تەماشا بکەی دەبینی بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەختی خۆی کە دانراوە لە ٨ مادە دایە، لە نیوە لاپەڕەیەکدایە، بەڵام بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێش میتینگی ٥٧یش بەرنامەیەکی موفەسسەلە. سیاسەتەکان بەگشتی هەر ئەوانەی سەردەمی کۆمارن بەڵام بە وردەکارییەوە عینوان دەکرێن. لەوەدا فەرقی هەیە دەنا جیاوازیی ئەساسی نیە. دوکتور قاسملوو بە هەقیقەت بە بێ تەوازوع خۆی بە قوتابیی پێشەوا قازی محەممەد دەزانی.

**ئارەش لورستانی: مامۆستا بەبڕوای بەریزتان سیاسەتوانێکی کورد، بە تایبەت سیاسەتوانێکی دێموکڕات کاتێک ئەمڕۆ ئاوڕ لە میتینگی ١١ی ڕەشەمە دەداتەوە، دەبێ چ وانەیەکی لێ فێر ببێو چۆن دەتوانێ لە پیناو پێشخستنی بزوتنەوەی میللی دێموکڕاتیکی گەلی کورد دا دیسان ئەم جۆرە هەلو دەرفەتانە بئافرێنێتەوە؟**

با هەر باسی دێموکراتەکان بکەم، چونکە پێم باشە باسی خەڵکی دیکە نەکەم. ئێمە لە حیزبی دێموکراتدا ئێستاش حەق وایە وتاری میتینگی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ی دوکتور قاسملوو بێنین، بە خەتی درشت بینووسینو لە دیوارەکانی بدەین. هەموو وەختێک وەک سەرلەوحەی بەرنامە سیاسییەکانمان دەرسی لێوەربگرین. دەبێ جارێک نا، دوو جار نا، سێ جار بیخوێنینەوە تا بزانین بە چ دووربینییەکو بە چ قووڵییەک هێڵە سیاسییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە وتارێکی کورتدا هێناونو بۆ خەڵکی ڕوون کردوونەوە.

هونەرێکی دوکتور قاسملوو کە ئەمن زۆر جار یادی دەکەمەوە ئەوە بوو کە دەگەڵ ئەوەی سیاسییەکی زۆر گەورە بوو، زۆر لەسەرەوە بوو، زانایەکی گەورەش بوو بەڵام دەیتوانی موشکیلترین مەسائیلی سیاسیو عیلمیو بەتایبەتی ئابووری کە ئەو دوکتورای تێدا وەرگرتبوو، بە زمانێک مەترەح بکا کە خەڵکی زۆر کەمسەوادیش لێی حاڵی بێ.

**حیزبی دێموکڕات بە دروستی زانی هەر وەک لە وەختی خۆیدا بێ موراجەعە بە دەوڵەتی مەرکەزی دامەزرابوو، بە بێ موراجەعە بە دەوڵەتی مەرکەزییش ئیعلانی خەباتی ئاشکرا بکاو دەوڵەتی مەرکزیو دەسەڵاتەکەی -وەک دەڵێن- لە موقابیل عەمەلی ئەنجامدراودا دابنێ**

ئەوە بە باوەڕی من هەتا ئێستاش هەر سەر لەوحەی بەرنامە سیاسییەکانی حیزبی دێموکراتەو بێشک خەڵکیش زۆریان کەلک لێوەرگرتوە. ئەمن بەشبەحاڵی خۆم شانازی بەوەی دەکەم کە دەبینم خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوانە کە قەتیش حیزبی نەبوون وەختێک باسی مەسائیلی سیاسیو داخوازەکانی میللەتی کورد دەکەن بە فاسیلەی یەکجار زۆر، لە حیزبی دێموکرات نیزیکتر لە هەمووانن. یان تەماشا دەکەی ئەو حیزبە هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا داخوازییەکانی میللەتی باش ناسیونو باشی تەرح کردوون، بۆیە خەڵکەکە هەر لێیان نیزیکە.

# داوایەکی ڕەوا کە بەیەکگرتوویی‌و شێلگیری دێتە دی



عەلی بداغی

ماوەی زیاتر لە مانگێکە نارەزایەتیی مامۆستایانی قوتابخانەو خوێندنگەکانی ئێران لە بارودۆخی ژیان‌و گوزەرانیان، لە سیاسەتی پەرەپێدان‌و فەرق‌و جیاوازیدانانی دەوڵەت لە نێوان کارمەندەکانی وەزارەتخانەکان پەرەی سەندوە.

لە ڕۆژەکانی سەرەتای مانگی بەفرانباری ئەمساڵدا زیاتر لە ٦٠٠٠ مامۆستای قوتابخانەو خوێندنگەکانی ئێران لە تۆمارێکدا بۆ مەجلیس داوایان کرد کە گوێ بدەنە ویست‌و داواکانیان و ڕۆژی یەکشەممەش بە بانگهێشتی « کانوونی سینفیی مامۆستایان» لە زۆربەی شارو ناوچەکانی ئێران کۆبوونەوەی نارەزایەتی دەربڕینی مامۆستایان لە بەر دەرکی ئیدارەی پەروەردەو بارهێنان‌و، لە شاری تاران لە بەردەم مەجلس بەڕێوە چوو.

لەو کۆبوونەوانەدا پێدانی مووچە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە، هەڵوەشانەوەی حوکمە قەزاییەکان لە دژی چالاکانی فەرهەنگی‌و ئازادکردنی مامۆستایانی بەندکراو و هەروەها هەڵگرتنی فەرق‌و جیاوازیدانان لە نێوان مامۆستایانی پیاوو ژن چەند داوایەکی سەرەکیی ئەوان بووە.

لە ڕۆژەڤدا بوونی ئەو بابەتە دەخوازێ کە برێک وردتر تاوتوێی کێشەو خوێندنەوە بۆ داوای مامۆستایان بکەین. ئێران بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان نیزیک بە ١٢ میلیۆن قوتابی‌و وەزارەتی پەروەردەش نیزیک بە یەک میلیۆن مامۆستاو کارمەندی ئیدارەکانی هەیە.

کارناسانی ئابووری بەپێی لێکۆڵینەوە مەیدانییەکان دەڵێن کە نیزیک بە سێ لە چواری مامۆستایان لە ئێران لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین، زۆر لە مامۆستایان بۆ دابینکردنی بژیوی ژیانیان ڕوو لە کاری دووهەم دەکەن‌و مامۆستایان لە کۆمەڵگادا پێچەوانەی دروشمەکانی حاکمییەت کە دەڵێن «پیشەی مامۆستایەتی لە پێغەمبەرانەوە ماوەتەوە»، جێگەو پێگەی شیاوی خۆیان نییەو ئەو مامۆستایانەی بە شێوەی نارەسمی دامەزراون، هەموو ئان‌و ساتێک مەترسیی دەرکرانیان لەسەرە.

لە ئێران توێژی مامۆستایانی پەروەردە پێچەوانەی وڵاتانی دیکە ئەگەر لەلایەک کەمترین کاریگەرییان لەسەر سیاسەت‌و پلاندانانی پەروەردە نییە، لەلایەکی دیکە بەشدارییان لە ڕێکخراوە سینفییەکان بۆ کارو پیشەیان کێشە خوڵقێنەو حەراسەت‌و کەشی ئەمنیەتیی زاڵ بەسەر نیزامی پەروردەیی لە ئێران دەست‌و پێی ئەوانی بۆ زۆر کاری بنەڕەتیی پەروردەیی بەستووە.

بە گشتی نارەزایەتیی مامۆستایان لە ئێران هەڵگری چەند تایبەتمەندییە، لەلایەک سینفی‌و دەنگ هەڵبڕین بۆ باشترکردنی دۆخی ژیان‌و هەڵگرتن‌و نەمانی فەرق‌و جیاوازیدانان‌و جێگیرکردنی نیزامێکی یەکدەستی مووچەو ماف لە نێوان هەموو کارمەندو فەرمانبەرانی دەزگای دەوڵەتە.

لەلایەکی دیکەوە لە نەبوونی ڕێکخراوو ئەنجوومەنێکی سینفیی بەهێزدا زۆربەی ئەو نارەزایەتییانە خۆڕسکن‌و ڕێبەرییەکی دیارو خاوەن پێناسەی تایبەتی نییە، هەر بۆیەش زۆرجار نارەزایەتیی مامۆستایان یان زوو لەبار براوە، یان لەلایەن باڵە سیاسییەکانی دەسەڵاتەوە لە هاوکێشەی قازانجی خۆو زیانی دژدا بەلاڕیدا براوەو بە ئاکام نەگەیشتووە.

هەروەها زنجیرە نارەزایەتییەکانی مامۆستایان لە ئێران لە نەبوون، یان لاوازیی ئەو ڕێبەرییەدا، لە ڕووی تاکتیکی بەدواداچوونیش قسەی لەسەرەو مامۆستایان لەگەڵ یەکتر کۆک نین. کۆمەڵێک لە مامۆستایانی پێشەنگ پێیان وایە کە دەوڵەت‌و مەجلیس بە کۆکردنەوەی ئیمزاو ناردنی تومارو نارەزایەتیی لەو چەشنە ئاوڕ لە ویست‌و داوای مامۆستایان نادەنەوەو تەنیا ڕێگە داخستنی قوتابخانەو پۆلەکانی خوێندنە، بەڵام زۆربەی مامۆستایان دەڵێن ئەو تاکتیکە بە زیانی ڕەوتی فێربوون‌و پەروردەی قوتابیانەو دواکەوتنی منداڵان لە خوێندنی بەدوادا دێ. ئەوان پێیان وایە دەبێ لە دەرەوەی دەوامی ئیداریی خۆیان پێوشوێنی داواکردنی مافەکانیان لە دەوڵەت بکەون‌و ئەو ناکۆکییەش وایکردوە کە نارەزایەتییەکان لەلایەن دەوڵەتەوە هەمیشە ئاسان‌و بە تێچوویەکی زۆر کەم لەبار ببرێن‌و مامۆستایان تا ئێستا کەمترین دەسکەوتیان لەو نارەزایەتییانە بووە.




لە کوردستان جیاواز لەو بابەتە، واتە کێشەی مەعیشەتی‌و فەرق‌و جیاوازیی مامۆستایان لەگەڵ کارمەندەکانی دیکەی دەزگای دەوڵەت‌و کێشە سینفییەکانی دیکەی مامۆستایان، مامۆستایان هەڵگری خەمێکی دیکەن کە بێبەشیی منداڵانی کورد لە خوێندن بە زمانی دایکە. هەر ئەو خەم‌و داوایەش لە کۆبوونەوەی نارەزایەتی دەربڕینی دۆێنێی مامۆستایاندا ڕەنگی دابۆوەو لە زۆر پلاکاردو نووسیندا هاتبوو کە «خوێندن بە زمانی کوردی مافی قوتابی‌و منداڵەکانمانە«.

مامۆستایانی کورد لە کوردستان ڕەخنەی زۆریان لە سیستەمی پەروردەو فێرکردنی وڵات هەیەو بێبەشیی منداڵان لە خوێندن بە زمانی دایک یەک لە دالغە سەرەکییەکانی ئەوانە. ئەوان باشتر لە هەموو کەس دەزانن کە مرۆڤ بە زمانی زگماکیی خۆی دەتوانێ زۆر بەباشی فێر ببێ و پەروەردە ببێ، و بێ گرێ و گۆڵ باس لە خۆشی و خەمەکانی، هەست و چێژو بیرەوەرییەکانی، حەزو خۆزگەو ئاواتەکانی بکاو هەر لەو ڕێگەیەشەوە شوناسی تایبەت بەخۆی لە ناخیدا بیچم بگرێ، بەڵام پێمل کردنی منداڵانی کورد بە خوێندن بە زمانی فارسی هەر لە جێ دا ئەو پێوەندییە تێک دەداو لە ڕووی دەرونی و کەسایەتی و زێهنییەوە یەکەم زەربەی قورسی خۆی لێ دەدا.




لەم ڕووەوە مامۆستایانی کورد وێڕای هەڵگرتنی خەم‌و کێشەو داوا سینفییەکانی خۆیان، خەم‌و ژانێکی دیکەشیان لە کۆڵ ناوە، بەڵام بە هەموو ئەوانەوە کاتێک نارەزایەتیی مامۆستایان بەو دۆخە نالەبارە بە ئاکام دەگا کە هەم ئەوان شێلگیرترو ڕێکخراوتر بەدواداچوون بۆ مافەکانیان بکەن، هەم ئەوەی کە خەمی ئەوان خەمی خەڵک‌و چین‌و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا بێ‌و ئەوان لەو دۆخە سەختەدا پشتی مامۆستایان چۆڵ نەکەن‌و یارو یاریدەدەریان بن.

## ڕۆژەڤی ئێران

# چەند سەرنجێک لە سەر پرسی ئەتۆمیی ئێران



حەسەن شێخانی

١) بڕیاردان بۆ ڕێککەوتن لە سەر پرسی ئەتۆمی لە ئێراندا ئاسانترە. لە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی دا ڕێبەر لە سەرووی سیستم جێ دەگرێ و قسەکانی تا رادەیەکی زۆر یەکلاکەرەوەن. ئەگەر سیاسەتێک بە پەسەندی ڕێبەر بگا، جێبەجێ دەکرێ و هەموو بنیات و ناوەندەکانی دیکەی دەسەڵات خۆی لەگەڵ دەگونجێنن. ئەو روانینەی کە هەنووکە لە پرۆسەی دانوستانەکان دا کاری پێ دەکرێ، بە پەسەندی ڕێبەری گەیشتووە. دیارە ئەم قسەیە بەو مانایە نییە کە دژبەرانی رەوتی هەنووکەیی دانوستانەکان وازیان لە هەوڵەکانیان بۆ گۆڕینی ئەم رەوتە هێناوە. مەبەستم زیاتر ئەوەیە بڵێم تا ڕێبەری کۆماری ئیسلامی قەناعەت پێ نەهێنن کە ئەم رەوتە بە قازانجی سیستم نییە و ئەویش پێداچوونەوە بە سیاسەتی پێوەندیدار دا نەکا، رەوتی ئێستای دانوستانەکان درێژەی دەبێ.

٢) ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە بۆشایی دا بڕیار نادا. پرسی ئەتۆمی لە شۆرای بەرزی ئاسایشی نەتەوەیی ئێراندا بڕیاری لە سەر دەدرێ و دواجار بۆ ئەوەی بڕیاری ئەو شۆرایە ببێتە یاسا و کاری پێ بکرێ، دەبێ بە پەسەندی ڕێبەریش بگا. خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە کە دەوڵەت و وەزارەتی دەرەوەی ڕێژیم تەنیا بەڕێوەبەر و جێبەجێکاری پرۆسەی دانوستانەکان نین، بەڵکوو لە سیاسەتدارێژی ئەم پرسەش دا بەشدارن. یەکەم ئەوەی کە لە ١٢ یان ١٣ ئەندامی شۆرای بەرزی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران، لانی کەم ٦یان ئەندامی کابینەی دەوڵەتن و بە تایبەت سەرۆکی شۆرا سەرکۆمارە و دەبیرەکەشی لە لایەن ویەوە دیاری دەکرێ. دووەم: ئەو وێنا و زانیاریانەی کە لە لایەن تیمی دانوستانکاری ئێرانەوە پێشکەش بە شۆرا دەکرێ و، چۆنییەتیی وێنا کردنی رەوتی دانوستانەکان و فۆرمۆلە کردنی ئەو راپۆرتانەی بە شۆرا دەدرێتەوە، دەتوانێ کاریگەریی لە سەر بڕیارسازیی لە مەڕ پرسی ئەتۆمی هەبێ. ئەگەر جیاوازیی میتۆدیی تیمی دانوستانکاری هەنووکەیی لەگەڵ تیمی سەعید جەلیلی لە بەرچاو بگرین ئەو راستییەمان چاکتر بۆ دەردەکەوێ و ڕێبەریش دەرەتانێک بە دەرکەوتنی میتۆدە جیاوازەکان دەدا.

٣) لە پێکهاتەی سیاسیی ئەمریکادا سەرکۆمار بە تایبەت لە سیاسەتی دەرەوە دا دەسەڵاتی زۆرە. ئەوەی ئەمڕۆ لە سەر مێزی دانوستانەکان پێڕەو دەکرێ، روانین و دەستپێشخەریی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن یان بە دربڕینێکی دیکە دەوڵەتی ئۆبامایە. لەگەڵ ئەوەش دا کۆنگرەی ئەمریکا دەسەڵاتدارە و دەتوانێ لە سەر رەوتی دانوستانەکان کاریگەریی هەبێ. ئەو رۆڵەی کۆنگرەی ئەمریکا دەتوانێ لە رەوتی دانوستانەکاندا هەیبێ، ناکرێ لەگەڵ نەخشی مەجلیسی ئێران لەم بارەوە بەراورد بکرێ؛ چونکە مەجلیسی ئێران کارایی واقعی نییە و لە ژێر هێژمۆنی وەلی فەقیە و ناوەندە هەڵنەبژێراوەکان دایە. بانگهێشت کرانی سەرۆک وەزیری ئیسرائیل لە لایەن سەرۆکی کۆماریخوازیی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکاوە، بە بێ هاوئاهەنگی لەگەڵ دەوڵەت، سەلمێنەری ئەو راستییەیە.

٤) وا دەزانرا کە گۆنگرەی نوێی ئەمریکا دوای دەست بەکار بوونی، گەمارۆی نوێ لە دژی ئێران پەسەند دەکا و بە کارەش رەوتی دانوستانەکان تووشی ئاستەنگی دەکا. بەڵام بە پێچەوانەی رواڵەتی سەرەتایی، کۆماریخوازەکان نەرمتر بوون و تا ئێستا هیچ پرۆژەیاسایەکی گەمارۆی نوێیان نەخستۆتە دەنگدانەوە و لانی کەم تا ٢٤ی مارس دەستیان راگرتووە.

بەشێک لە هەراهۆریای کۆماریخوازەکان لە سەردەمی هەڵبژاردنەکانی نێوان دەورەیی کۆنگرەدا، واقعی نەبوو و بێجگە لەوەش کۆماریخوازەکان سەرەڕای جیاوازیی شێوەروانین و تاکتیکییان لەگەڵ دێموکراتەکان، پاراستنی بەرژەوەندی و پرێستیژی دەوڵەتی ئەمریکایان بەلاوە گرینگە و ئەمەش کاریگەریی هەبوو لە سەر ئەوەی کە کۆماریخوازەکان نەبنە هۆکاری پێشێل کردنی ڕێککەوتنی کاتیی ژێنێڤ، لە لایەن ئەمریکاوە. فاکتەرێکی دیکە کە لەم نێوەدا دەوری بینی، پێداگری ئۆباما بوو لە سەر ئەوەی کە هەر چەشنە گەمارۆیەکی نوێ لە لایەن کۆنگرەوە، ویتۆ دەکا. ئەوتا دەبینین دوای وتاردانەکەی سەرۆک وەزیری ئیسرائیل لە کۆنگرەش دا، ئۆباما دەڵێ کە قسەکانی ناوبراو هیچی تازەیان تێدا نەبوو و هیچ ڕێکارێکی کردەیی بەدیلی پێشنیار نەکرد. ئۆباما هەروەها دەڵێ ئەگەر لەگەڵ ئێران ڕێککەوتن نەکرێ، بەرنامەی ئەتۆمی ئێران بە خێرایی پەرە دەستێنێ.

٥) نەهێنی کارییەکانی ئێران لە رابردوودا بێ متمانەییەکی زۆری بە نیسبەت ئەو وڵاتە دروست کردووە. بەڵام ئێستا ئەو بێ متمانەییە بەو توندیەی جاران نەماوە و ئەوەتا بەرپرسانی دەوڵەتی ئۆباما دەڵێن ئێران بە تەوای پابەندی ڕێککەوتنی کاتیی ژێنێڤ بووە و بە جیددیش وتووێژ دەکا. ئێران لە رووی پێگەی سیاسی و ئیستراتیژیکەوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دۆخێکی باشی هەیە و ئەمەو وێڕای گرفتارییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، نەخشێکی ئەرێنی لە رەوتی وتووێژەکان دا هەیە.

شپرزەیی بێ وێنە و ئاسۆی ناڕوونی ئابووریی ئێران وایکردووە کە ئێران ناچار بێ، بە جیددی وتووێژ بکا بۆ ئەوەی کە بتوانێ بە سەر کێشە ئابوورییەکانی دا زاڵ بێ. راستییەکەی ئەوەیە کە ئێران لە زۆر بواردا پاشەکشەی کردووە و ئێستا نیگەرانی ئەوەیە کە ئەمریکا و وڵاتانی رۆژئاوا بەوەندەش رازی نەبن و لە جیاتی کۆتایی هێنان بە پرسی ئەتۆمی، مودیرییەتیی ئەم پرسە بکەن.

وەک زۆر شرۆڤەکار و لایەنەکانی پێوەندیدار دەڵێن ئەگەری ڕێککەوتن بە نیسبەت چەند مانگ لەمەوبەریش زیاتر بووە، با بزانین دەوڵەتە خاوەن بەرژەوەندییەکان و فاکتەرە دژەکان چەندە دەتوانن بەر بەم ڕێککەوتنە بگرن.

# ژن لە دەورانی کۆماری ئیسلامی‌دا



عومەر باڵەکی

لە سەردەمی نیزامی پاشایەتی دا دوای ئینقلابی سپی، کۆمەڵگای ئێران توشی هێندێک چاکسازی بووەو هەنگاوێکی گرینگی بۆ ئاڵوگۆڕ هاویشت کە لەو ئاڵوگۆڕەدا ژنان مەیدانی زیاتریان پێ دەراو بۆ یەکەم جار ژن لە ئێران‌دا توانی ببێتە خاوەنی مافی دەنگ دان‌و لە ڕێگای دەنگ دان‌و چوون بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان بەشداری ئاڵوگۆڕی سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای ئێران بێ‌و لەو ڕێکەوتە بە دواوە ڕۆڵی ژنان لە نێو کۆڕو کۆمەڵ‌و ئیدارەو بازاردا زیاتر بووەو کۆمەڵگای ئێران بەو ڕادەیە کە بەرەو پێشکەوتن‌و گەشەکردن دەڕۆیشت لە بواری ڕۆشنبیرییشەوە چاوکراوەترە بووو ئەو روشەنگەریە نێو کۆمەڵگا گەیشتە جێگایەک کە بەدژی نیزامی پاشایەتی ڕاپەڕی بۆ ئەوەی بتوانێ ژیانێکی باشترو بەختەوەرانەتر بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا دابین بکاو هەروەکی دەزانین ئەو ڕاپەرینە بوو بە هۆی تێک ڕووخانی نیزامی پاشایەتی‌و بە دەسەڵات گەیشتنی سیستمی کۆماری ئیسلامی. بەڵام

دوای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی خوێندنەوەیەکی دیکە بۆ ژن‌و مافەکانی کرا هەر بۆیە یەکەم توێژ کە دژایەتیان لە گەڵ قانوونەکانی ئەو نیزامە تازەیە کرد ژنان بوون کە بە دژی «حیجاب»ی زۆرە ملی هاتنە سەر شەقام‌و نارەزایەتیان دەربڕی.

هەر وەکی پێشتر باسمان کرد ژنان شان‌بەشانی پیاوان لەسەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی نەقش‌و ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو، هەر بۆیە چاوەڕوانیان ئەوە بوو دوای ڕووخانی نیزامی پاشایەتی‌و هاتنەسەر کاری سیستمی نوێ حکوومەتداری دەتوانن بە ماف‌و ئازادی زیاتر بگەن‌و لە کۆمەڵگای ئێران‌دا جێگاو پێگەی شیاوی خۆیان پێ بدرێ، بەڵام ئەو دڵخۆشیەو چاوە ڕوانیە زۆری نەخایاند ئەو مافە کۆمەڵایەتیانەی لە نیزامی پاشایەتیش دا وەدەستیان هێنا بوو ئەویشیان لێ زەوت کرا.

ئیسلامی کردنی کۆمەڵگا بوو بە هۆی ئەوە کە کۆمەڵێک بەربەست لە ژیانی ژنان‌دا دروست بکرێ لە بوارەکانی شوغڵی‌و کاری‌و جیاکردنەوەی شوێنەکان بە تایبەتی قوتابخانەکان‌و زانستگەکان‌و ڕاگرتنی بەرنامەی تەنزیمی بنەماڵە. هێندێک لەو بەر تەسک کردنەوەی مافەکانی ژنان بە قانوون ڕێکخران واتە بوون بە مادەی قانوونی وەک ئەوە کە ژن ناتوانێ پۆستی سەرکۆمار یا لەو ڕادە بەرپرسایەتیدا وەربگرێ یا وەک قازی‌و دادوەر لە دادگاکان‌دا کار بکا. بەڵام ئەوەی زۆرتر ژنان دەچەسێنێتەوەو مافیان پێشێل دەکا ئەو بەربەستانەن کە بێ ئەوە لە قانوون دا باسیان لێوە کرابێ و پشتیوانی یاسایان هەبێ لەلایەن دام و دەزگای دەوڵەتی‌و بنەماڵەو کۆمەڵگاوە بەڕێوە دەچن.

نیزامی کۆمەڵایەتی ئێران‌و مەسائیل‌و گیروگرفتی تایبەت بە خۆی هەیە کە سەرچاوە گرتووە لە سیستمی سیاسی‌و بەڕێوەبەری وڵاتەو ئەوگیروگرفتانە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ کاریگەریان هەیە لە سەر وزعییەتی ژنان.

لێرەدا چەند نمونەیەک لەو گیروگرفت‌و بێ سەرەوبەرەیانە باس دەکەین.

ڕاگرتنی بەرنامەی تەنزیم خانەوادە یەکێک لەو نموونانەیە کە زیانی گەورەی بە کۆمەڵگای ئێران گەیاندووەو لە هەمان‌حاڵ‌دا مافی ژنی پێشێل کردوە، لابردنی ئەوبەرنامەیە وای کرد کە حەشیمەتی ئێران بە شێوەی سەر سووڕ هێنەر بەرەو زیادبوون بڕوا بێ ئەوە دەوڵەت بتوانێ ئیمکاناتی پێویستی ژیان بۆ بنەماڵەکان دابین بکا کە زۆرجار ئەو بێ بەرنامەیە دەبێتە هۆی لێکدابڕانی ژن‌و مێرد ولێکهەڵوەشانی ژیانی هاوبەش کە ئەویش ڕاستەوخۆ زیان بە پەروەردەی کۆمەڵگا دەگەیێنێ‌و ئەگەر بنەماڵەکەش لێک هەڵنەوەشێ بە هۆی زۆری بوونی منداڵ، دایک تەنیا توانای پێ‌ڕاگەیشتنی بە ماڵو منداڵ دەبێ‌و لە ئاکام‌دا کاتێک منداڵەکان پێدەگەن‌و هەرکەس بەرەو ژیانی خۆی دەڕوا ئەوژنە لە مەقامی دایک‌دا پیرو شەکەت‌و ماندوو بووەو وزەو توانایەکی بۆ نەماوەتەوە کە بتوانێ بەخۆی ڕابگاو تەنانەت سەرمایەی مادیشی نیە چونکە سەرمایە مادیەکەش لە خاوەنداریەتی پیاودایەو دوای ئەوهەمووکار و تێکۆشانە هەردەبێ چاولە دەست بێ.

بێجگە لەو نموونە، چۆڵ کردنی گوندەکان‌و کۆچی گوندشینەکان بۆشارەکان، کەمی شوێنی نیشتەجێ بوون، پەرەگرتنی بێکاری‌و تووش بوون بە مادە هۆشبەرەکان‌و دەیان گیرو گرفتی دیکە کاریگەریان هەیە لە سەروەزعییەتی ژنان چ لە بنەماڵەو چ لە کۆمەڵگادا چونکە لە کۆمەڵگای ئێران‌دا بێ هیچ سڵەمینەوەیەک ژنان لە پلەی دووهەم بە بەراورد لە گەڵ پیاوان دادەنرێن‌و ئەوەخۆی ڕیشەی لە تێڕوانینی سیستمی حکوومەت بۆ ژنان‌و مافەکانی‌دایە. دەکرێ ئەوە بە نموونەیەک زیاتر ڕوون بکەینەوە کە چاولە کتێبە دەرسییەکان کە بناخەی ژیانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای دوارۆژلەسەریان دادەمەزرێ دەبینین کە زۆربەی زۆری ئەوڕۆڵو نەقشەی کە بە ژنیان داوە یا دایکە یا مامۆستاو پەرەستارە دیارە ئەوە بەومانایە نییە کە بایەخ وئەرزشی ئەوکارانە کەمە بەڵام لە ڕاستی دا ئەوە دەتوانێ دەرخەری ئەو ڕاستییە بێت کە لە ڕوانگەی سیستمی وڵات ڕۆڵی ژن لە وچوارچێوە دایەو بە جۆرێک دابەش‌کردنی ڕۆڵی ژن‌و پیاوە لە کۆمەڵگادادەست نیشان دەکاو هەرلە سەرەتای خوێندنەوە منداڵان وا ڕادەهێنن کە کارو چالاکی ژنان لەوئاستەدایەو ئەوە پیاوە دەبێ زیاترئەرک وەئەستۆ بگرێ بۆپێشکەوتنی کۆمەڵگاو ڕۆڵو نەقشی ئەسڵی بە پیاوەو ئەوە لە فکرو زێنی منداڵ‌دا دەچەسپێ‌و کە گەورەش بوو بەو شێوەیە عەمەل دەکا کە لە منداڵی را فێری بووە.

ئەگەر کۆمەڵگای ئەوڕۆی ئێران بیهەوێ وەک کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو لە دونیای ئێستادا بەدیار بکەوێ پێویستە لە ڕۆڵو نەقشی ژن غافڵ نەبێ‌و لە هەموو بوارەکانی ژیانی‌دا ئەو ئیمکانە بۆ ژنان برەخسێ کە لە کارو چالاکیە زانستی وکۆمەڵایەتیەکاندا بەشداربن‌و پێویستە پاراستنی مافی‌مرۆڤ‌و دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە قانوونەکان‌دا ڕەنگ بداتەوەولە لایەن دەزگای بەڕێوەبەریەوە کاریان پێ بسپێردرێ و بە کورتی جیاوازیەک لە ڕوانگەی قانوونیە لە نێوان ژن و پیاو دانەبێ‌و تەنیا کاتێک دەتوانرێ جیاوازی بەدی بکرێ کە لە بواری توانای کاری‌و زانست‌و بەڕێوەبەری جیاوازیەک هەبێ.

لەگەڵ هەمووی ئەوانەی کە لە سەرەوە باسمان کرد ئەگەر ژنان خۆیان زیاتر نەینە مەیدان‌و هەوڵو کۆشش نەکەن بۆ پێگەیشتنی خۆیان لە بوارە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتی‌دا دیسان دەبینین ڕەوتی دادپەروەری لە نێوان ژن‌و پیاودا زۆر بە هێمنی هەنگاو دەنێ کە ڕەنگە وڵامدەری چاوەڕوانی ژنان‌و پێشکەوتنی کۆمەڵگا نەبێ.



**ئەگەر کۆمەڵگای ئەوڕۆی ئێران بیهەوێ وەک کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو لە دونیای ئێستادا بەدیار بکەوێ پێویستە لە ڕۆڵو نەقشی ژن غافڵ نەبێ‌و لە هەموو بوارەکانی ژیانی‌دا ئەو ئیمکانە بۆ ژنان برەخسێ کە لە کارو چالاکیە زانستی وکۆمەڵایەتیەکاندا بەشداربن**

## لە ڕۆژهەڵاتەوە...

# کەس کورد نیە!



خالید محەممەدزادە

هەر جارێک مەرگی نووسەرێکی کورد کە بە زمانی ناکوردی نووسیویەتی بەسە بۆ ئەوەی ئەو باسە بکرێتەوە کە نووسەر کورد نیەو ئەمەش لە رەخنەگرتن لە زمانی نوسینی نوسەر دەست پێ‌دەکات تا ئاستی سڕینەوەی ڕەگەزو پەیام‌و کارکردی خودی نووسەرو سەندنەوەی هەموو تایبەتمەندییەکانی کوردبوونی لە خۆی‌و بەرهەمەکەی!

کێ دەتوانێ بڵێ «کۆمەڵناسی خەڵکی کورد»،»دادا شیرین»، «نزا بۆ ئارمین»، «ڕاپەرینی شێخ سەعیدی پیران» کوردی نین؟ کێ دەتوانێ بڵێ هەر یەکە لە «ئەو دیوی چیا»، «حەمەدۆک»،» تەنەکە«، «کەڵەشێرەکانی بەربەیان»و «دەریا»، کوردی نین؟ هەر بەو هۆیەی زمانی نووسینیان کوردی نەبوون کە ئێستا هەر هەموویان بە زمانی کوردی لە قوتابخانەی کوردی دەست دەکەون؟

کێ دەتوانی بڵێ کتێبی «کوردستان‌و کورد»ی د. قاسملوو کە یەکەمجار بە زمانی چیکی‌و دواتر بە ئینگلیزی‌و عەرەبی تەرجومە کرایەوەو دواجار کرا بە کوردی بڵێ کوردی نیە؟ ئەم پرسیارە بۆ هەندی کتێبی مسعود بارزانی‌و جەلال تاڵەبانی کە بە عەرەبی نووسراون، ڕاستیشە کە کۆی ئەم نووسەرانە بە زمانی جیاوازو ناکوردی لە سەر کوردستان نووسیویانە کە زمانی دەربرین یان کوردی نەبووە.

زمان ناتوانی تاکە پێوەرو یەکلاکەرەوە بیت بۆ کورد بوون‌و ناکوردی بوونی بەرهەمێک، بەڵکو زیاد لە رەهەندێک مۆرکی کوردی بوون دەبەخشنەوە بە بەرهەمێک، ئەگەر زمان تاکە پێوەر بی بۆ کوردی بوون دەقێک، دەکرێت بپرسین کۆی ئەو کتێبانەی بە زمانی کوردی‌و دژ بە کورد نووسراون دەکەونە نێو کتێبخانەی کوردی‌و بەشێکن لە کتێبخانەو ئەدەبیاتی کوردی؟!

پەیام، شوێن، ناوەرۆک، فەزا، سوژە لەلای ئەو نووسەرە کوردانەی کە بە زمانی غەیرە کوردی لە سەر کوردستان‌و لە ژانرێکی نووسین، نووسیویانە تەواو کوردیین، ئەوەی لێرە دەمێنێتەوە وەرگێرانی ئەم بەرهەمانە بۆ سەر زمانی کوردییە کە دەبێت بکریت، هەر ئەمەش وادەکات کە کاتێ تۆ وەرگێرانێکی هەژار موکریانی، عەبدوڵلا حەسەن زادەو شوکر مستەفا لە بەرهەمی ئەم نووسەرە کوردی نەنووسانە دەخوێنێتەوە بە تەواوی هەست بە کوردی بوونی بابەت لای ئەم نووسەرانە دەکەی.

لە باتی دژایەتی لە گەل ئەم بەرهەمانە کە گۆیا زمانیان کوردی نین‌و لەوێشەوە سەندنەوەی ناسنامەی کوردبوون لە نووسەرەکەی! پێموایە دەبیت هەول بۆ کوردانندنیان بدرێت بۆ سەر زمانی کوردی، ئەوەی لەم بەرهەمانە غایبە زمانی نووسینە بە کوردی نەک پەیام‌و چیرۆک‌و فەزاو شوینی ئەم بەرهەمانە کە کوردین، هەر بۆ نمونە ئەوەندەی خوێنەری کوردی خۆی لە «حەمەدۆک»دا دەبینێتەوە لە «سەد ساڵ تەنیایی« نابینێتەوە، کە هەر دوکیان بە زمانی کوردیش بڵاوبوونەتەوە، ئەمەش دەگەریتەوە بۆ ئەوەی فەزای «حەمەدۆک» فەزایەکی تەواو کوردی‌و فەزای «سەد ساڵ تەنیایی« فەزایەکی ناکوردی‌و ئیسپانیایی، کە تەنانەت کورداندنی سەد ساڵ تەنیایش ناتوانێ هەمان فەزا بۆ خوێنەری کوردی دروست بکات کە«حەمەدۆک» دروستی دەکات.

هۆکار زۆرە بۆ ئەوەی کە بەشێک لە نووسەرانی بە رەگەز کورد بە کوردی نەیاننوسیوە، ناکرێ هۆکارەکانی لە بەرچاو نەگیرێت، لە کاتێکدا خۆیان وڵامی ئەم پرسیارەیان داوەتەوە، بەڵام هیچ هۆکارێک نیە بۆ ئەوەی ئەم بەرهەمانە نەکوردرین‌و کوردی نەبن، زمانی لە دەستچوی نووسەر نابی بگوازرێتەوە بۆ لە دەستدانی بەرهەمی نووسەر کە بە تەواوی بە فەزای کوردستان خولْقاوە، لە گەڵ ئەوەش نابێ ئێمە خاوەنداری لەو بەرهەمانەش نەکەین کە کوردیین بەڵام بە زمانی کوردی نەنووسراون. فارسەکان بەرهەمی نەتەوەکانی دراوسێی خۆیان نەما نەیدزن‌و فارساندنی بۆ نەکەن‌و ئەمرۆ وەک بەرهەمی فارسی پێمان دەفرۆشنەوە، عەرەبەکان بە هەمان شێوە کە کورد لە نێو ئەو دوو نەتەوە زۆرترین دزی لێکراوەو ئەمەش وایکردوە کتێبخانەی ئێمە کتیبخانەیەکی هەژار بێ‌و بە وتەی مامۆستا هەژار «ئەگەر ئێستا بلێی زمانی فارسی لە سەربنەمای زمانی کورد دامەزراوە، رەنگە زور کورد گاڵتەمان پێ بکەن»!.

لە حاڵێکدا کە هەوڵ بۆ دورخستنەوەی ئەم بەرهەمانە دەدرێن لە کتیبخانەی کوردی، کە ئەم بەرهەمانەو نووسەرەکانیشیان لە ساڵانی رابردوو لە سەر ئاستی نێو دەوڵەتی‌و ناوچەیی بە نووسەرانی دیار ناوزەد کراون تا ئاستی وەرگرتنی چەندین خەڵاتی نیودەڵەتی کە دیارە پێدانی ئەم خەڵاتانەش تەنیا لە بەر زمانی نووسینیان نەبووە، بەڵکوو خویان لە داهێنەربوون دەبیننەوە کە تیادا شوێنی ژیان‌و گەورەبونی منالییان رەنگدانەوەی لەسەر ئەو بەرهەمانە هەیەو بوون بە بەشیک لە بەرهەمی جیهانی.

ئێمە دەبێ کار لەسەر گەرانەوەی ئەم بەرهەم‌و نووسەرانە بۆ نێو کتێبخانەی کوردی بکەین‌و لە ڕاستی‌دا هیچ میللەتێک بە قەد کورد پێویستی بە کتێب نیەو ناکرێت لە رووی میزاجی شەخسییەوە هەڵسوکەوت لە گەڵ ئەم بەرهەمانە بکرێن کە تەنیا لە زمانی نووسین کوردی نین، دەنا ئاوینەی باڵانوینی دۆخی کوردستانن.

# به بیانوی ڕۆژی جیهانی ژنەوه



ئازاد کەریمی

پێگەی ژن لە نێو هەرگەلێکدا شۆناسی کەسایەتیو تایبەتمەندییە ڕەوشتیەکانی ئەو نەتەوەیە. بە بۆچوونی مینۆرسکی، کوردەکان وێدەچێ لەم بوارەدا ڕووناکبیرترینو لیبێراڵترین گەلی نێو گەلانی ئیسلامی بن.(١)

ئێمەی کورد کاتێ باسی ژن دەکەین لە یەکەم چرکەساتدا دوو واتە لە هزرماندا ساخ دەبێتەوە. یەکەم بەزەییو خۆشەویستی دایک و دواتر ئەوینو ناموس وەک هاوسەر. ئەم دووبابەتە وەک یاسایەکی پیاوانەیەو لە کولتووری نێرینەی کورددا چەسپاوە. بەڵام ژنی کورد سەبارەت بە خۆی چۆن بیردەکاتەوە؟

ڕوانینو قسەو بۆچوونی جۆراوجۆربۆ ئەم بابەتە لە ئارادا هەن و گەر بمانەوێ و بە گوێرەی بەدواداچوونەکان بۆموتاڵاو توێژینەوە - کەمو زۆر- سەرچاوەمان دەست دەکەوێ... یەکێ لەوسەرچاوانە، ژیانی ڕۆژانەی ژنانی دەوروبەری خۆمانن وەک دایک، خوشک، هاوسەر، خزمو کەسانو هاوکاران. بەڵام پرسیارێکی ڕاشکاوانە دێتە گۆڕێ: ئاخۆ لەو سەرچاوە بەردەستانە بە گوێرەی پێویست کەڵک وەردەگیرێ بۆ وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە ژیانی ژنانەی یەک ژن کە مرۆڤێکی ئاساییە و بە»نیوەی کۆمەڵگە» دەناسێنرێ...؟

پێویست ناکا بۆسەلماندنی هەستو نەستی ژن- وەک ژنی کورد- پەنا ببەین بۆ دەستەواژە ئاڵۆزەکان ئەگەر لە پێناسەکردنی ڕەوشی ژنی کورددا ئەزموونی خۆمان نەبێ. دەنا چەند وشەی مردووی ناو پەرتوکەکانو لە پەرتوکخانەدا تۆزدەیانبات. لە بەر ئەوەی ئەزموونی ژیان دەریخستوە زۆر جاران مرۆڤ ئەوشتانەی کە پێویستە سەرنجیان بدات، نەیناسیوەتەوە یان درەنگ پێیزانیوەو دەرفەتەکە لە دەست چووە و لە هەڵسەنگاندنەکانیدا تووشی هەڵە هاتووە. ئەمەش بە حوکمی ئەوەی مرۆڤ لە «کات» و»شوێن»دا پێناسە دەکرێ هەر بۆیە زۆرشتی لێ دیار نیە و دواتر بەرچاوڕوون دەبێ لە ئاکام و ئەنجامی ئەو ئەزموون و دیاردەی وا پێشتر سەرگەردانی کردبوو، هەروەها دەستو باڵی داخستبوو بۆ بڕیارێکی ڕاشکاوانە کە پێویست بوو لەو ساتەدا ئاشکرای بکا. بۆ وێنە هەڵسەنگاندنی مینۆرسکی کوردۆلۆگی بەناوبانگی ڕووسی لە سەر پێگەی ژنی کورد لە ١٠٠ساڵ پێش ئێستا جێگەی بایەخە و برواپێکراوە و هەر بەو پێیە کارو کردەوەکانی «کۆماری کوردستان» سەبارەت بە ژن و دامەزراندنی «یەکیەتیی ژنان» ئاسانتر دەکرێ بە ئەزموونێکی بڕوا پێکراو بۆ هەڵسەنگاندنە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان لە سۆنگەی سیاسی و تەنانەت ئابووریشەوە لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ٧٠ساڵ بەرلە ئێستادا...

لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا ڕێکخراوی تایبەتی ژنان دامەزراو دەستی بە تێکۆشان کرد.(٢) ئێستا نزیکەی ٧٠ ساڵ لە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان تێدەپەڕێ. ئەم ڕێکخراوە وەک کاروخەبات بۆ یەکسانی ژنو پیاو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێکۆشان دەکا. کاتێ لەم سەردەمەدا دەڕوانینە کۆمەڵگەی کوردستان، دەردەکەوێ بەدەرلەوەی حزبی دێموکراتی کوردستان هەمان تێڕوانینەکانی خۆی سەبارەت بە ماف و ئازادییەکانی ژن پاراستوە، بەداخەوە کۆمەڵگەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم بوارەدا زۆردواکەوتوە چ بە کردەوەکانی بۆ داسەپاندنی بیرو بڕوای خۆی و هەروەها سیاسەتی «دەست نەپاراستن لە بەرانبەر نەیارانی»دا پەیڕەو دەکا. هەربۆیە کورد لە ئێراندا جودا لە شەڕی نەتەوە، تووشی شەڕی مەزهەبیش هاتوە. لە لایەکی دیکەوە کردەوەکانی کردەوەی چەپەڵو دزێو، لەوانەش بە ئێخسیرکردنی ژنانی کوردی سەر بە ئایینی ئێزدیو پەت کردنو کەنیزکردنو بە کارهێنانیان وەک ئامرازی سێکس. داعش «پاساوی ئایینی»ی دەکرد بە بیانووی ڕەوابوونی ئەم کردەوە ڕسواو



پێوانەی سەردەمی کۆمار بێ، چ لە چاوئەو کاتەی مینۆڕسکی خەریکی توێژینەوە بووە لە کوردستانی سەدەیەک پێش ئێستا. دیارە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشێکە لە بابەتەکانی جیهانی ژیۆپۆلیتیک چ وەک بەشێ لە کۆمەڵگەی کوردستانی و چ وەک بەشێ لە واقێعیەتی وڵاتێ بەناوی ئێران... ماوەی٣٦ ساڵ دەبێ دەوڵەتێکی تیۆکراتیک دەسەڵاتداری ئێرانە و بە هۆی سروشتی ڕادیکاڵیەوە دەیەوێ هەموو ئایین و مەزهەبێ بێجگە لە خۆی لەناو ببا، ئەمەش بێبەزەیی بوونێکی تایبەتی داوە بە شێوازی دووپارچەی دیکەی کوردستان لە باشوورو ڕۆژاوا گرفتاری شەڕیو کێشەی داعش بوون.

ساڵی ٢٠١٤ ساڵێکی پڕ لە ئاڵۆزیو ئەزموونی تاڵ بوو بۆ هەموو جیهانو بەتایبەتی بۆگەلی کورد. پەلاماری دەوڵەتی ئیسلامی ئێراقو شام (داعش) بۆسەرشاری موسڵو هێرش کردنی ئەو هێزە چەکدارە بۆ دووپارچەی خاکی کوردستان، شەنگال (باشور) و کۆبانێ لە (ڕۆژاوا)ی کوردستان، تراژێدیای نوێی گەلی کورد لە مێژووی کوردستاندا بوو.

داعش لە شەنگال دەستیدایە بێ ویژدانییە، بەڵام بێدەنگیو کەڕوکاسی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان هەر لە ناوخۆی کوردستانەوە (بگرە هەموو پارچەکان) تا وڵاتانی دیکەی ئیسلامی جێگەی سەرسووڕمان بوو! ئەم بێ دەنگییە زۆری خایاند تاکوو ببێتە هەراو هاوارو یارمەتی خواستنو بەهانا چوونیانەوە، بەڵام دوای ئەوەی کورد بە هەموو ئامرازەکانی بەردەستیەوە کە زۆریش نەبوون، توانی ڕای جیهانی بەرەو کارەساتەکە ڕابکێشێو دەنگدانەوەی جیهانیی لێکەوتوە.

ئەوەی بە سەر ژنانی ئێزدی شەنگال هات، شەرمەزاری مێژووی سەردەمی مرۆڤایەتی بوو، هەرچەندە هەندێ لایەنو دەوڵەتی دەوروبەر، بۆ پەرانەوە لە پێشێلکارییەکانی مافی ژنانی وڵاتی خۆیانو بەتایبەت ژنانی کورد ویستیان بیکەن بە داردەستی خۆیان... دیارە پڕوپاگەندە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو برەوی هەیە بەڵام دوای ماوەیەک جەوهەری کێشەکە وەک خۆی لە بەردەستو لە بەرەورووودا دەمێنێتەوە. لە کێبەرکێی هاوسۆزی دەربڕینو خەفەت خواردن بۆژنانی ئێزدی شەنگال و هەروەها «هورا» و هەربژی گوتن بۆ ژنانی کۆبانێ لە زاری ئەو لایەنانەی کە نابێ قەت وا بڵێنو هۆکارەکەیشی کرداری توندوتیژی خۆیان سەبارەت بە ژنانی کورد لە وڵاتەکەی خۆیانداو کارنامەی پڕ لە « نمرەی خراپ»ی ئەوانە بە گوێرەی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی «پاراستنی مافی مرۆڤ»و ڕاپۆرتەکانی «نوێنەری مافیمرۆڤی نەتەوە یەکگرتوەکان» و بۆیە ئەم دروشمانە نە واتادارەو نە بڕواپێکراو، لە بەر ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژنان لە هەموو بوارێکدا دەچەوسێنرێن و کۆماری ئیسلامی ئێرانیش پاڵنەرو داڵدەدەری هەر ڕەوتێکە وا مافی ژنان پێشێل دەکات... تەنانەت «ڕۆژی جیهانی ژن» لەو وڵاتەدا قەدەغەیە و بیانووە بۆ ئازاردانی زیاتری ژنان. کەواتە ژنانی کورد بە گشتی لێقەوماو، چەوساوەو بێ دەرەتان ماونەتەوەو دەنگیان لە هاژەو هوژەی پڕوپاگەندە سیاسیەکانی داگیرکەرانو شەڕخوازاندا کڕوکپو نەبیسراوە...

پەراوێزەکان

١–کورد و کوردستان، واسیلی نیکیتین، وەرگێڕانی محەمەد قازی، چاپی دووهەم زستانی١٣٦٦، چاپخانەی نیلوفەر، تاران

٢– پەیڕەوی نێوخۆی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان پەسەندکراوی کۆنگرەی سێهەم

# بەفەرمی ناسینی بەشداریی ڕۆژنامەنووسان لە بەرەکانی شەڕدا

## مافی ڕۆژنامەنووسان لە کاتی ڕووماڵکردنی ڕووداوەکانی بەرەکانی شەڕ

نووسینی: ڕەزا موعینی

بەشی سێهەمو کۆتایی

و: مادح ئەحمەدی

لە مێژووی هاوچەرخدا کۆماری ئیسلامی ئێران لە شەڕی لوبناندا ڕەسمیەتی دا بەوەی کە ڕۆژنامەنووسان بە بارمتە بگیردرێن و وەک کارتی گوشار بۆ سەر دەوڵەتان بەمەبەستی وەرگرتنی ئیمتیازی سیاسی بەکار بهێنرێن. لە ڕێکەوتی ٧ی مارسی ساڵی ١٩٨٤دا «جێرمی لوین»، بەرپرسی نووسینگەی «CNN» لە لوبنان ڕفێنرا، لەم ڕێکەوتەوە تا ساڵی ١٩٨٧، دوو هەواڵنێری ئەمریکایی دیکە، ٦ هەواڵنێری فەرەنسی و ٢ هەواڵنێری بریتانیایی لە لایەن حیزبوڵای لوبنانەوە ڕفێنران. جیا لە «ئەلیک کولت»، هەواڵنێری بریتانیایی کە یەک ساڵ دوای ڕفاندنی تەرمەکەی دۆزرایەوە و دوو کەسی دیکەیان کە توانیان هەڵبێن، بارمەتەکانی دیکە دوای دانوستانی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی، لەهەمبەر وەرگرتنی کۆمەڵێک ئیمتیازدا ئازاد کران. شەرمنانەترینان حاڵەتیان، ئازاد کردنی چوار ڕۆژنامەنووسی فەرەنسی بوو لە خولی دووەمی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٨٨ سەرکۆماری فەرەنسا بوو. بەپێی دانوستانەکان، بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی گەرەکیان بوو لە هەڵبژاردنەکاندا ئازادکردنی ئەو ڕۆژنامەنووسانە بە قازانجی «ژاک شیراک» و لە دژی «فرانسۆا میتران» بەکاربێنن. لە عێراقدا لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە تا ساڵی ٢٠١٠ نزیکەی ١٠٠ ڕۆژنامەنووس ڕفێندراون، لەم ژمارەیە ٤٢ کەسیان کوژران. لە ئەفغانستان ١٣ ڕۆژنامەنووس ڕفێندران کە ٥ کەسیان کوژران. ئێستا لە جیهاندا ٣٢ ڕۆژنامەنووس بە بارمتە گیراون کە تەنیا ١٤ کەسیان لە سووریا «بێسەروشوێن» بوون.(٧)

### پیشەی دژواری ڕیپۆرتێری لە جەنگدا

یاسای نێودەوڵەتیی پێوەندیدار بە پارێزگاریکردن لە ڕۆژنامەنووسان و زۆربەی ڕیسا پیشەییە ئەخلاقییەکان، سنوورێکیان لە نێوان ڕاپۆرت ناردن و هاوکاریی کردن بە قازانجی یەکێک لە لایەنەکانی شەڕ دیاری کردووە. تێبینیی دووەمی مادەی ٧٩ی پرۆتۆکۆلی هاوپێچی ١ پێداگری لەسەر ئەوە دەکا کە «هەواڵنێران بەو مەرجە سوود لە ڕێساکانی پارێزگاریی کۆنڤانسیۆن وەردەگرن کە هیچ هەنگاوێکیان بەو ئاراستەیەدا هەڵنەگرتبێ کە ببێتە هۆی پێشێلکردنی ئەو ڕێساگەلە و یاساکانی ڕیپۆرتێری جەنگ.» دەستوەرنەدانی «ڕاستەوخۆ» لە بواری تێکهەڵچوونی سەربازیدا، مەرجی بە فەرمیی ناسینی «ئەرکی گرانی» ڕۆژنامەنووسە وەک هاوڵاتی سڤیل لەو ناوچەگەلەی کە شەڕی لێیە.» دەستەواژەی ڕاستەوخۆ بە واتای «ڕەوتی ئاسایی کاری هەواڵنێر لە جێبەجێ کردنی ئەرکی خۆیدا، یانێ، چوونە بەرەکانی شەڕ و یان ئەنجامدانی وتووێژ و وەرگرتنی لێدوان و یان یادداشت هەڵگرتن و یان وێنە گرتن و وێنەهەڵگری و تۆمار کردنی دەنگ و



ناردنی بۆ ئەو دەزگا ڕاگەیاندنەی کە کاری لێ دەکا، نییە.» مادەی ٣.٥١ پرۆتۆکۆلی هاوپێچی ١ باسی هەڵسوکەوتی هەواڵنێر و کاریگەرییەکانی لەسەر جەنگ دەکا و بەم جۆرە پێناسەی «کردەی جەنگی» دەکا: «کردەیەک کە سروشت و مەبەستی ئەوەیە کە زیان بگەیێنێ بە تاکەکان و ئامرازەکانی هێزی بەرانبەر». تا ئەو کاتەی کە کارەکانی ئەو دەزگا ڕاگەیاندنە یارمەتی بە «دوژمن» نەکات، ئەم کارە جیایە لە یارمەتی تەبلیغی و یان پڕۆپاگەندا بە قازانجی لایەنێک. بەم جۆرە دەبێ نووسینگە و بنکەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن وەک شوێنێ مەدەنی، دەبێ لەبەرانبەر هەر چەشنە هێرشێکدا پارێزگاری لێ بکرێ، تەنانەت ئەگەر ئەم میدیاگەلە بەشێکی زۆری چالاکییەکانیان پڕۆپاگەندا بە قازانجی لایەنێکی شەڕ بێ، دیسان دەبێ پارێزگارییان لێ بکرێ. بۆردومان کردنی وەزارەتی هەواڵگریی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ دا لە لایەن هێزەکانی ئەمریکاوە کە نووسینگەی ژمارەیەک لە میدیا جیهانییەکانیش لەوێ بوو، کارێک بوو کە پێچەوانەی کۆنڤانسیۆنی ژنێڤ بوو. ئەمریکا پاساوی بۆ ئەم هێرشە ئەوە بوو کە بەرپرسانی عێراقی ئەو بینایە بۆ کۆبوونەوە بەکار دێنن. بە پاساوی کەڵکوەرگرتنی هێزە سەربازییەکان لە تۆڕەکانی پێوەندیی هاوبەشی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی سێربیا (RTS)، ئەم دەزگایە لە ڕێکەوتی ٢٣ی ئاڤریلی ١٩٩٩دا لە لایەن هێزەکانی ناتۆوە بۆردومان کرا.

لە بڕیارنامەی ١٧٣٨ ئەنجوومەنی ئاسایشدا هاتووە: « بڵاوکردنەوەی ڕق و قین و هاندان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید و جەنایەتی جەنگی و پێشێلکردنی مافە نێونەتەوەییە مرۆڤدۆستانەکان، سنوورێکە بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووسان بیپارێزن و لەبەرانبەریشدا ڕۆژنامەنووس و ئەو دەزگا ڕاگەیاندنەی کە کاری بۆ دەکا دەتوانن

ل ٩

# پرسی ئەتۆمی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست



ڕێبوار مەعروفزادە

بنجامین نەتانیاهۆ، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل، سێ شەممە ٣ی مارسی ٢٠١٥ لە کۆنگرێسی ئەمریکا قسە دەکا. ئەو وەک هەمیشە هەوڵ بۆ ئەوە دەدا کە ئەمریکا گەمارۆی ئابووری زیاتر بخاتە سەر ئێران و ئێران و ئەمریکا لە سەر پرسی ئەتۆمی بە چارەسەرێکی ئاشتیانە نەگەن. لە لایەکی دیکە ئێران لە دوای هاتنەسەر دەسەڵاتی حەسەنی ڕووحانی وازی لەوە هێنا هەڕەشەی سڕینەوەی ئیسرائیل بکا و دانۆستانی ئەتۆمی وەک ڕێگەچارەی لاچوونی گەمارۆکان و باشتربوونی ئابووری ئێران سەیر کردوە. سەردانی نتانیاهۆ بۆ ئەمریکا هەڵگری چ ئامانگەلێکە؟ پێوەندی ئیسرائیل و ئەمریکا چ جۆرە پێوەندییەکە و کاریگەری ئەو پێوەندییە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست چی یە؟ چ وڵاتانێک لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست پشتگیری بەرنامەی ئەتۆمی ئێران دەکەن؟ بەرنامەی ئەتۆمی ئێران لە سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەوەی ئەو وڵاتە چ کاریگەرییەکی هەیە؟ ئەوانە ئەو پرسیارانەن کە لەم بابەتەدا هەوڵ دەدرێ وڵامیان بدرێتەوە.

### ئیسرائیل و بەرنامەی ئەتۆمی ئێران

لە ٢٧ سپتامبری ساڵی ٢٠١٢، نتانیاهۆ وتارێکی لە کۆڕی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشکەش کرد. لەو وتارەدا سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل وێنەی بۆمبێکی ئەتۆمی نیشان دەدا کە ئێران لە چەند مانگ یان تەنانەت چەند هەفتەی داهاتوودا دروستی دەکا. سێ ساڵ لەو قسانەی نتانیاهۆ تێپەر بوو بەڵام ئێران نەبوو بە خاوەنی ئیسرائیل و بوونی ئیسرائیل نەکەوتە ژێر هەڕەشە. نتانیاهۆ بۆ ساڵانێکی زۆر لە ئەرتەشی ئیسرائیل دا خزمەتی کردوە و جیهانی سیاسەت لە دابینکردنی تەناهی و هێزی نیزامی دا دەبینێ. ئەو لە ئێستادا دەیهەوێ نیشان بدا کە ئەو باشترین پارێزەری ئیسرائیلە و ئەو دەتوانێ ئیسرائیل لە بەرامبەری هەر هەڕەشەیەکی نیزامی بپارێزێ بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنی ١٧ مارس بتوانێ سەرکەوتن بەدەست بێنێ. پێوەندییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لەوە ستراتژیکترە کە بە هاتنەسەر کاری ئۆباما یان نتانیاهۆ گۆڕانێکی بنچینەیی تێدا پێک بێ. ئەمریکا ساڵانە ١,٥ میلیارد دۆلار یارمەتی ماددی میسر دەکا. هەروەها ئەمریکا ساڵانە ٦٦٦ میلیۆن دۆلار یارمەتی ماددی لۆبنانی دەکرد کە ئێستا ئەو هاوکارییەی بۆ ساڵانە یەک میلیارد دۆلار بەرز کردۆتەوە. ئەو یارمەتییە ماددییە بۆ ئەوەیە ئەمریکا نفووزی بە سەر ئەرتەشی ئەو وڵاتانەدا هەبێ و لەو ڕێگەیەوە تەناهی ئیسرائیل گارانتی بکا. بۆ ئەمریکا هێرشکردنە سەر ئێران کارێکی ئەستەمە چونکە ئەزموونی شەڕی عێراق وانەیەکی گەورەی داوە بە ئەمریکاییەکان. نتانیاهۆ لە ساڵی ٢٠٠٣ش دا پشتگیری شەڕی عێراقی کرد و باسی لە گرینگی و دروستی هێرش بۆ سەر عێراق دەکرد. بەڵام ئەگەر مەسەلە ئەوە بێ کە ئەمریکا، ئیسرائیل لە بەرامبەر ئێران دا بپارێزێ، ئەوە کارێکی ئاسانە. ئەمریکا لە تەواوی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، وڵاتانێک وەک عەرەبستان، تورکیە، کوەیت، عومان، پاکستان و ... بنکەی نیزامی هەیە و کاردانەوە بەهەر هێرشێکی ئێران بۆ ئیسرائیل کارێکی سادەیە. هەروەها لۆبی ئیسرائیل لە ئەمریکا زۆر بەهێزە و ڕێکخراوگەلێک وەک ئێیپە AIPAK لەسەر سیاسەتی ئەمریکا کاریگەریان هەیە. ئەو کاریگەرییەش بە واتای ئەوە نیە کە ئیسرائیل، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دابین دەکا بەڵکوو بە واتای ئەوەیە کە ئەو دوو وڵاتە پێوەندی و بەرژەوەندی بەرفراوانیان هەیە و هەر بۆیە پشتگیری یەکتر دەکەن. کەوایە کێشەی ئیسرائیل لەگەڵ ئێران، کێشەی ئەوەیە کام وڵات هێزی ناوچەیی زیاتری هەیە. هەروەها پرسی ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پرسی مان و نەمان نیە بەڵکوو پرسی دابینکردنی هێژمونی و هێزی ناوچەییە.

### ئێران و پرسی ئەتۆمی

لە دوای شەڕی جیهانی دووهەم هیچ وڵاتێک چەکی ئەتۆمی بەکار نەهێناوە. واتە لەگەڵ ئەوەدا کە ژمارەی وڵاتانی خاوەن چەک لە سەدەی بیست و بیستویەکەم بۆ ٩ وڵات (ئەمریکا، ڕوسیە، فەرانسە، چین، هیند، پاکستان، ئیسرائیل و کوریای باکوور) زیادی کردوە، لە ساڵی ١٩٤٥ بەملاوە هیچ وڵاتێک چەکی ئەتۆمی بەکار نەهێناوە. پاکستان و هیند ساڵانێکە لەسەر کەشمیر کێشەیان هەیە، بەڵام قەت پەنایان بۆ بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی نەبردوە. ئێستا ئورووپا لەگەڵ ڕووسیە لەسەر مەسەلەی ئۆکراین کێشەی هەیە بەڵام هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی لە یەکتر ناکەن. چەکی ئەتۆمی لە سیاسەتی نێودەوڵەتی دا نەک بۆ هێرش کردنە سەر وڵاتانی دیکە، بەڵکوو بۆ بردنەسەری تەناهی نەتەوەیی وڵاتێک لەبەرامبەر وڵاتانی دیکە بەرهەم دێ. مەبەست لە دروستکردنی چەکی ئەتۆمی دروستکردنی باڵانسی نیزامییە بۆ ئەوەی ئەگەری هێرشکردنی وڵاتانی دیکە بۆ سەر وڵاتێک کەم بکرێتەوە. ڕەنگە ئەو پرسیارە بێتە گۆڕێ کە ئێران وڵاتێکی سەرەڕۆیە و ئەگەر چەکی ئەتۆمی هەبێ، ڕەنگە لەو چەکە کەڵک وەربگرێ. بەڵام ئەزموونی کوریای باکوور و پاکستان پێمان دەڵێ کە ئەو ڕوانگەیە زۆرتر بەرهەمی خوێندنەوەیەکی ئیدئۆلۆژیکە. کۆریای باکوور لە ساڵی ٢٠٠٦ چەکی ئەتۆمی هەیە. کوریای باکوور ڕێژێمێکی بەرپرسیار نیە و کێشەی لەگەڵ کوریای باشووریش هەیە بەڵام چەکی ئەتۆمی بەکار نەهێناوە. پاکستان ڕێژێمێکی بەرپرسیار نیە و ئەمریکا حوسامە بن لادەنی لە پاکستان کوشت بەڵام ئەو وڵاتە چەکی ئەتۆمی بەکار نەهێناوە. هەر بۆیە ئامانج لە هەبوونی چەکی ئەتۆمی ئەوەیە کە بە وڵاتانی دیکە بڵێی منیش خاوەنی چەکی ئەتۆمیم و لەو ڕێگەیەوە ئەگەری دەستێوەردانی نیزامی لە نێو بەری.

بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی لە لایەن ئێران و لە کانتێکسی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست دا، بابەتێکی مەترسیداری ناوچەیی و جیهانییە. لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست وڵاتانی عەرەبی و تورکیە چەکی ئەتۆمیان نیە و ئەگەر ئێران ببێتە خاوەن چەکی ئەتۆمی، ڕۆژهەڵاتی نێوەراست ململانێیەکی نیزامی بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی بەخۆیەوە دەبینێ. هەر بۆیە لە بەرژەوەندی ئەمریکا، وڵاتانی ئورووپایی، ڕووسیە، چین و وڵاتانی ناوچەدا نیە کە ئێران خاوەنی چەکی ئەتۆمی بێ.

بەهەرەمەندی لە چەکی ئەتۆمی ناتوانێ کێشە ئابووری و سیاسییەکانی ئێران چارەسەر بکا. خەمەکانی سیاسەت لە ئێران و جیهان تەنیا چەکی ئەتۆمی نییە. بۆ ئێران لاچوونی گەمارۆ ئابوورییەکان گرینگە بۆ ئەوەی بارودۆخی ئابووری ئێران باشتر بێ. هەروەها ڕیفۆرمخوازان سەرمایەگوزارییەکی گەورەیان لەسەر دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو بۆ پرسی ئەتۆمی ئێران کردوە و لە بەرژەوەندی ئەوان دایە کە ئەو پرسە بە دانوستان چارەسەر بکرێ. ئەمریکا لە عێراق و سووریە تووشی گرفت بووە و نایهەوێ لەگەڵ ئێرانیش تووشی گرفتی زیاتر بێ. هەروەها دیموکراتەکانیش لە ئەمریکا بەرەو هەڵبژاردن دەڕون و دەیانهەوێ چارەسەرکردنی پرسی ئەتۆمی ئێران لە بازاڕی سیاسەتی نێوخۆیی بفروشن و دەنگی پێ کۆ بکەنەوە.




### ئاکامگیری

دیتنی ئێرانێکی ئەتۆمی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست بابەتێکی ئەستەمە بەڵام ئەگەر ئێران ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمییش کێشە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی چارەسەر نابێ. ئەمرۆ لە جیهاندا لە لایەک وڵاتانی زلهێز و پێشکەوتوو وەک ئەمریکا چەکی ئەتۆمیان هەیە و لە لایەکی دیکە وڵاتانێکی دواکەوتوو وەک پاکستان و کۆریای باکووریش چەکی ئەتۆمیان هەیە. چەکی ئەتۆمی بە بێ بوونی سەقامگیری سیاسی و ئابووری، تەنیا گرفتی زیاتر بۆ ئێران دروست دەکا. زلهێزانی جیهانی و ناوچەیی لە دژی ئەوەن ئێرانێکی ئەتۆمی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست هەبێ و ململانێکی ئەتۆمی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست دەست پێ بکا.

سەرچاوەکان:

Is Netanyahu out to foment” war with Iran?” published by the Guardian February ٢٨, ٢٠١٥

Nuclear Weapons: Who” has what?” Published on CNN from:
http://edition.cnn.com/world/nuclear-/٠٣/٢٠١٣/interactive/weapon-states

Israel PM Benjamin” Netanyahu Address United Nations on Iran and Radical Islam” Published on Sep ٢٧, ٢٠١٢ on YouTube

US announces cut in” financial aid to Egypt,” published on The Telegraph on Oct ٩, ٢٠١٣

The US gives Egypt” $ ١,٥ billion a year in aid. Here’s what it does.” By Brad Plumer published on The Washington Post on July ٩, ٢٠١٣

---

**درێژەی:**

# بەفەرمی ناسینی بەشداریی ڕۆژنامەنووسان لە بەرەکانی شەڕدا

سوود لەو پشتگیرییانە وەربگرن کە ڕچاو کراوە.» [٨]

یەکێک لەو بابەتگەلەی کە ئەمڕۆ لە دونیادا مشتومڕی لەسەرە، زۆر بوونی ڕێژە ئەو میدیاگەلەیە کە رق و قین بڵاودەکەنەوە و زۆر بوونی ژمارەی ئەو هەواڵنێرگەلەیە کە لەپێناو خزمەتکردنی ئەم میدیاگەلەدا دژی ئازادیی ڕاگەیاندن چالاکن و بەکردەوە مەترسیان بۆ سەر ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆ دروست کردووە. دادگای تاوانی نێونەتەوەیی بۆ پرسی ڕەواندا بە تاوانی «هاندان بۆ بڵاوکردنەوەی ڕق و قین، سازکردنی دووبەرەکی ئەتنیکی و هاندان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید» سێ ڕۆژنامەنووسی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی هەزار تەپە و ڕۆژنامەی کانگورا و وەزیری هەواڵگریی ئەو کاتی ڕەواندای دادگایی کرد و لە مانگی ژانویەی ساڵی ٢٠٠٣دا زیندانی درێژ ماوەیان بۆ بڕایەوە. ئەم بڕیارە یەکێک لەو پرۆسە دادوارانە بوو بۆ سزادانی ئەو کەسانەی کە هاوکاری ئەو دەزگا ڕاگەیاندنانە دەکەن کە تۆوی ڕق و قین و دووبەرەکی بڵاو دەکەنەوە. ئەوان کە بێ گوێدانە پرنسیپە باوەکان پاساو بۆ کوشتوبڕ و تاوانکارییەکان دێننەوە و هەندێ جار چەک هەڵدەگرن و وێنەیان لێ هەڵدەگرن و یان لە نووسراوەکانیاندا بە ئەنقەست خەڵک بۆ ئەنجامدانی توندوتیژی دژی نەتەوە و ئەتنیک و ئایینەکانی هاندەدن، ئەوان بە دۆسیە هەڵبەستن و یان هاوکاری کردنی دەزگا ئەمنییەکان، لە ڕاستیدا بە کردەوە یارمەتی دەستگیر کردن و ئەشکەنجەدانی ڕۆژنامەنووسان دەکەن، تەنیا پرۆپاگاندیستە بەکرێگیراوەکان نین کە لە خزمەتی سیستمێکی سیاسی یان ئایینی دان و مافە نێونەتەوەییە مرۆڤدۆستانەکان بەرانبەریان دانی بەخۆیدا گرتووە. ئەم «هەواڵنێرگەلە» بە کردەوە فەرماندەرانی شەڕن و لە تاوانکاریی و کوشتوبڕدا بەشێوەی «ڕاستەوخۆ» بەشدارن. بە پشتبەستن بە مافە نێونەتەوەییە مرۆڤدۆستانەکان و پرۆسە دادوەرییەکان دەتوانرێ و دەبێ ئەو کەسانە سزا بدرێن.

### دوا وتە

ناتوانین تەنیا بە تیۆری «جڤاکی پڕمەترسی» و یا «شۆڕشی تێکنۆلۆژیای نوێ»، بەرز بوونەوەی ڕێژەی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە کوژراون پاساو بدەین. ڕاستە کە ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەدا ئەو گۆڕانکارییە لە ناکاوانەی کە بەرهەمی مۆدێڕنیزاسیۆنن، هەندێ جار بەپێچەوانەی سەدەکانی ڕابردوو مەترسی و هەواڵ لەم مەترسییە زیاتر بووە. ئەوەش ڕاستە کە خێرایی تێکنۆلۆژیای پێوەندییەکان دەتوانێ بەشێوەی ڕاستەوخۆ هەواڵنێر بخاتە بەردەم مەترسی بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتەکەی. بەپێچەوانەی ڕابردوو کە هەواڵنێر ڕاپۆرتەکەی ئامادە دەکرد و زۆر جار لە شوێنی قەیرانەکە دوور دەکەوتەوە، ئینجا ڕاپۆرتەکە بڵاو دەبووەوە، ئەمڕۆ هاوکات و بەشێوەی ڕاستەوخۆ هەواڵەکانی شەڕ دەگوازرێتەوە و لایەنەکانی شەڕەکەش دەیبینن و دەتوانن نارەزایەتی خۆیان لە ڕاپۆرتەکە بەشێوازی جۆراوجۆر بگەیێننە هەواڵنێرەکە و ئەو دەزگا ڕاگەیاندنەی کە ڕاپۆرتەکەی بڵاوکردووەتەوە. سەرەڕای ئەوەش هۆکاری سەرەکی ئەوەی کە هەواڵنێران دەکەونە مەترسییەوە بۆ پابەند نەبوونی زیاتری لایەنەکانی شەڕ بەرانبەر بە پاراستنی مافی هاوڵاتیانی سڤیل و لەو نێوانەشدا مافی ڕۆژنامەنووسان، دەگەڕێتەوە. لە هێزە پارتیزانییە بووچکەکانەوە بگرە تا دەگاتە سوپای وڵاتە دیموکراتیکەکان، پابەندی پاراستنی مافی هاوڵاتییانی سڤیل و ڕۆژنامەنووسان نین. لە بنەڕەتدا ئەمڕۆکە لە مافە نێونەتەوەییەکاندا وەک پێویست دەرەتانی ئەوە ڕەخساوە کە پارێزگاری لە ڕۆژنامەنووسان بکرێ. کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە یاساکان وەک خۆیان بەڕێوە ناچن و کۆتایی بەوە نەهاتووە کە تاوانکاران لەبەرانبەر ئەو تاوانەیدا کە ئەنجامی دەدەن داڵدە نەدرێن.

پێویستە بوترێ کە لە جەنگی کەنداودا دەستەواژەیەکی نوێ بۆ هەواڵنێرانی بەرەکانی شەڕ بە ناوی هەواڵنێری «هاوڕێ» بەکار برا. هێزەکانی ئەمریکا و بریتانیا ئەو هەواڵنێرانەیان لە ناو زرێپۆشەکاندا «هاوڕێ» لەگەڵ خۆیان دەیانبردنە بەرەکانی شەڕەوە. ڕێکەوتی ٢٠٠٣/٤/٨ دوای ئەوەی ئەمریکا هێرشی کردە سەر هۆتێل فەلەستین (شوێنی حەوانەوەی هەواڵنێران لە عێراق) و بەهۆی هێرشەکەوە هەواڵنێری هەواڵدەریی ڕۆیتێرز و هەواڵنێری کەناڵی ٥ سپانیا کوژران، وتەبێژی سوپای ئەمریکا لە ناوەندیی فەرماندەیی ئەم هێزەدا لە قەتەر ڕایگەیاند:» ئێمە نازانین لەو ناوچەگەلەی کە جەنگی لێیە، هەواڵنێران لە کوێین، تەنیا ئەوانە دەناسین کە لەکاتی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکانیدا هاوڕێی ئێمەن.» بەم جۆرە هەندێ کەس هەواڵنێران (هاوڕێیان) یان وەک «یاریدەدەری سەربازی» لە جەنگدا دەناساند. بەڵام ئەم هەواڵنێرانە لە ڕوانگەی یاساییەوە تەنانەت سوود لە مافی «ڕێپۆرتێرەکانی جەنگ» وەرناگرن. بەکردەوە وەک هاوڕێن و تەنیا لە لایەن سوپای هەندێ لە وڵاتانەوە مافی دیلی شەڕیان بۆ ڕچاو دەکرێ.


**٧ ـ هەمان سەرچاوە**

**٨ ـ هەمان سەرچاوە**

**ئەم وتارە لە وێبلاگی** http://ntchek.blogspot.fr/ **وەرگیراوە.**

# قەیرانی ئاو هەڕەشە لەئێران دەکات

## توێژینەوەیەک لەسەر کێشەی ئاو لە ئێراندا



ئاگری باڵەکی

ئاو مایەی حەیات و بەردەوامی ژیانە. ئاو هۆکاری سەرەکی دروست بوونی کۆمەڵگا و شارستانیەتی مرۆڤەکانە. ئەمرۆکە ئەو ئاوەی کە لەسەر سەوزییە هەمان ڕێژەی ئەو ئاوەیە کە لەسەرەتای دروست بوونی زەوی بوونی هەبوو و گۆرانێکی ئەوتۆی نەکردوە. ئەو سەرچاوە ئاویانە ٤،٥ میلیارد ساڵ پێش ئێستا دروست بوون. ڕێژەی ئاوی سەر زەوی ١٦٥٠ میلیۆن میتری چوارگۆشەیە، کە مرۆڤەکان تەنها دەتوانن ٣٪(٥٠ میلیۆن متری چوارگۆشە) بەکار بێن کە ئاوی شیرینە لەو ڕێژەیە ٩٧٪ (١٦٠٠ میلیۆن میتری چوار گۆشە) ئاوی سوێرە کە مرۆڤەکان ناتوانن کەڵکی لێوەربگرن، لەو ٥٠ میلیۆن میتری چوارگۆشەی کە مرۆڤەکان دەتوانن ڕاستەوخۆ کەڵکی لێوەربگرن تەنها ٢٢٪ ئاوی سەر زەوی و ٧٨ ٪ ئاوی شیرن لە ژێر زەویە (بۆ زانیاری بەشی زۆری ئاوی شیرین لە سەر گۆی زەویی لە جەمسەریی باکوور و باشووری زەوی بەشێوەی سەهۆڵ پارێزراوە).

لە سەدەی ڕابردوو بە زیادبوونی ڕێژەی دانیشتوان و بەرزبوونەوەی ستانداردەکانی ژیان و هەروەها گەشەی ئابووری و گەشەکردنی پیشەسازی و کشتوکاڵ وای کردوە کە ڕێژەی بەکارهێنانی ئاو بە خێرایی روو لە زیادبوون بکات. لە کاتی ئێستادا ڕێژەی خواست لەسەر ئاو ٢٣٠٪ بەرامبەر بە سەدەی ١٩ زیادی کردوە کە زیادبوونی ئەو ڕێژەیە پەیوەندەی بە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان هەیە، ئەو وڵاتانەی کە ڕێژەی دانیشتوانیان بێ بەرنامە زیادی کردوە لە کاتی ئێستادا توشی کێشەی کەمی ئاو بوون، نموونە ئێران و میسر.

لە کۆنفرانسێک کە لە ژوانسبورگ لە ئەفریقای باشوور بەسترا، کێشەی بێ ئاوی لەسەر زەویان بە کێشەیەکی چارەسەر نەکراو هێنا ئەژمار کە لە داهاتوودا دەبێتە هەڕەشەیەکی جیدی بۆ سەر ئاسایشی کۆمەڵگای مرۆیی لە جیهان‌دا. بەپێی ئامارەکانی ئەو کۆنفرانسە لە کاتی ئێستادا ١میلیارد و ٢٠٠ میلیۆن نەفەر لەسەر زەوی دەستیان بە ئاوی شیرینی خاوێن را ناگات و ٢ میلیارد و ٤٠٠ میلیۆن نەفەر بێبەشن لە ئاوی خاوێن. لەبەیاننامەی کۆتایی کۆنفرانس کە روو بە کۆمەڵگای مرۆیی و وڵاتانی جیهانە دەڵێ» لە ساڵی ٢٠٢٥ ئەگەر کێشەکانی ئاوی شیرینی خاوێن چارەسەر نەکرێن ئەوا ئەو کەسانەی کە دەستیان بەئاوی خاوێن راناگات دەگاتە ٤ میلیارد نەفەر»، لە بەشێکی دیکەی ئەو بەیاننامەیدا هاتووە «ئەگەر تا ساڵی ٢٠٢٥ کێشەکانی کەمیی ئاوی خواردنەوە چارەسەر نەکرێت ئەوا ٤ میلیارد و ٥٠٠ میلۆن کەس ژیانیان دەکەوێتە مەترسییەوە.

ئەمرۆکە ئاو و سەرچاوە ئاوییەکان بەئاشکرا هاتوونەتە نێو دنیای سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە، هەوڵە نێو دەوڵەتییەکان بۆ ڕێکخستن و بە یاسایی کردنی ئاو و سەرچاوەکانی ئێستا باسێکی گەرمی نێو کۆرو کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکانە، لە هەموو لایەکی جیهان دەنگۆی ئەوە هەیە کە ئاو جێگای نەوت دەگرێتەوە یاخود چەکی داهاتوویە بەدەست وڵاتانێک کە سەرچاوەیەکی زۆری ئاوی ژێر زەویان هەیە. لە سەدەی ٢١دا داواکاری لەسەر ئاو ٢٣٠٪ زیادی کردوە بە نیسبەتی سەدەی ڕابردوو هەربۆیە لە زۆربەی وڵاتان بۆ دابینکردنی ئاو و سەرچاوەکانی ئاو خراوەتە نێو بەرنامەی کاری حکوومەتەوە.

هەرچەندە ئاو مادەیەکە کە دەتوانرێ بەدەست بێتەوە، بەڵام وشکەساڵی چەندین ساڵە و ڕێژەی بوون بە هەڵم لەلایەک و لە لایەکی دیکەکەم کردن و دابەزینی ئاستی ئاوی شیرن و بەکارهێنانی وەک چەکێکی سیاسی لە دژی یەک وای کردوە کە جیهان و ئەو ناوچەی کە ئێمە تێیدا دەژین بکەوێتە مەترسییەوە.

نەوت تەنها سەرچاوەی سروشتی نیە، کە بۆ کوردەکان، ئێرانییەکان و عێراقییەکان گرینگ بێ، بەڵکوو ئاو یەکێکە لەو مادە سروشتیانەی کە لەناوچەکەدا بوونی هەیە، بەڵام بۆ کورد گرینگیەکەی چەندین بەرامبەر زیاترە ئەویش لەبەر ئەوەی بەشێکی بەر چاولە سەرچاوە ئاوییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵات و باشوور و باکووری کوردستانن کە گرینگیی کوردستان چەندین بەرامبەر زیاتر دەکات.

لەو وڵاتانەی کە بەبەرنامە ویستوویەتی فشاری کەم ئاوی لەسەر خۆی لابەرێ حکوومەتی عێراق بووە، حکوومەتی عێراقی پێشوو توانی لە ماوەیەکی کەم دا لەسەر زۆربەی رووبارە بچوک و گەورەکانی نێو عێراق یاخود ئەوانەی کە سەرچاوەکانیان ئێرانە و تورکیەیە بەنداو دروست بکات و بۆماوەیەکی زۆر ناوچە بیابانیەکانی عێراق لە لەناوچوون رزگار بکات. بەپێی هەندێک سەرچاوە د. عەبدولڕەحمان قاسملوو لە داڕێژەرانی ئەو بەرنامەیە بوو کە عێراق بە دروستکردنی بەنداو لە هەڕەشەی دراوسێکانی رزگار بکات، د. قاسملوو یەکێک لەو ڕاوێژەکارە ئابورییانە بوو کە لە بەغدا لە سەرەتای ساڵانی ١٩٧٠ بۆ باشتر کردنی وەزعی ئابووری عێراق و کێشەی ئاوی عێراق ڕاوێژکاری عیراقییەکان بوو. (سەرچاوە: د. عیزەدەین مستەفا ڕەسووڵ، سمیناری یادی قاسملوو لە زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٥).

### ئایا ئێران دەبێت بە بیابان!

ئەگەر تا دوێنی وشک بوونی بەنداو و گۆلەکان لە ئێران بوون بە کێشە، ئێستا پەیدا کردنی ئاوی خواردنەوە بۆ شارە گەورەکان بۆتە کێشە و بەرۆکی حکوومەتی ئێرانی گرتووە. بۆ نموونە بەنداوی «زاینده رود» کە ئاوی شارەکانی پارێزگای فارس و شاری ئێسفەهان دابین دەکات، لەساڵی ١٣٩٢ بە ڕێژەی ٤٤٪ کەمی کردوە و تەنها ١٠٪ لە بەنداوەکە ئێستا ئاوی تێدایە.

ئێران ٨ ساڵە چۆتە قۆناغی وشکە ساڵی درێژ خایەن. لێکۆڵەرەوانی سەر بە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی فاو دەڵێن کە وشکەساڵی ئێران ٣٠ ساڵی دیکە درێژەی دەبێت، کەمیی باران و کەم بوونی ئاوی ژێر زەوی لە ئێران‌دا لەوانەیە ئێران بکاتە بیابان و وەک وڵاتانی سومالی و سودانی لێ بێت.

### مەترسیی کەم ئاوی

بە پێ ئاماری ساڵانەی وەزارەتی وزەی ئێران ٣٧ ملیۆن ئێرانی لەژێر هەڕەشەی کەمیی ئاو دان، یانی نیوەی حەشیمەتی ئێران لە ژێر هەڕەشەی کەمی ئاو دان. مەترسیی کەمی ئاو لە پارێزگاکانی ناوەندیی ئێران (تاران، ئیسفەهان، شیراز و مەشهەد) بەتەواوی فشاری هێناوە بۆسەر ژیانی خەڵک، وەزارەتی وزەی ئێران دەڵێ ئەگەر پێشگیری نەکرێت لە بەفیرۆدانی ئاو ئەوا تا هاوینی ساڵی داهاتوو ئەو ٣٧ ملیۆن ئێرانییە دەبێ بە سەهمیە بەندی ئاویان پێ بدرێت.

سەرچاوەکانی ئاو لە ٢٤ پاریزگای ئێران باش نیە و لە خەتی سوری کەم ئاوی تێ پەراندە و تەنها لە ٧ پارێزگا کێشەی کەمیی ئاو نیە، کە ئەو پارێزگایانەی دانیشتوەکانی کوردن لەو ٧ پارێزگایەن کە کێشەی کەمی ئاویان نیە. لە لایەکی دیکەوە سەرچاوەکانی ئاوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە داهاتوویەکی نزیک دا دەبنە چەکی کاریگەی ئەو پارێزگایانە دژی پارێزگا ناوەندییەکان. کەمیی ئاو لە پارێزگاکانی ئێران وایکردوە کە خەڵک بۆ بەدەستهێنانی و پاراستنی سەرچاوە ئاوییەکانی خۆیان شۆرشیان کرد، ساڵی ١٣٩١ خەڵکی ئیسفەهان هێرشیان بۆ پرۆژەی بەرێکردنی ئاوی رووباری زاینده رود کرد کە ئاوی ئەو رووبارەی بۆ شاری یەزد دەگواستەوە.

### عەمبارەکانی ئاو لە ئێراندا

بەنداوە ئاوییەکانی ئێران تەنها ٣٠٪ ئاویان تێدایە، لە رووبەری تالابەکانی ئێران ٥٨٪ وشک بوون و رووبەرە وشک بووەکانیان بۆتە خوێ و بیابان کە لە ئەو بیابانانە سەرچاوەی تۆزو خۆڵی چەند ساڵەی ئێران و ناوچەکە بوون، کە سەرچاوەی زۆر نەخۆشی بوون بۆ خەڵکی ناوچەکە. ٦٥٠٠ گوند لە ئیراندا سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەیان نیە، ئەو گوندانە لە ناوچە دووردەستەکان‌ڕا بە تانکێر ئاوی خواردنەوەیان بۆ دەچێ.

### کێشەی ئاو لە ئێراندا چیە؟

لەسەردەمی ئیمپراتۆری مادەکانەوە تا نزیک بە ٣٦ ساڵ لەوەپێش هیچ زیادەڕۆییەک لە بەکارهێنانی ئاو لە ئێران دا نەکراوە، تەنیا لەماوەی ٣٦ ساڵی رابردوودا واتە لەسەردەمی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران‌دا ١٢٠ میلیار میتری چوارگۆشە لە ئاوە شیرنەکانی ژێر زەوی کە هەزاران ساڵە دەستیان لێ نەدراوە بەکارهاتووە، ئەو ڕێژەیە ٧٥٪ ئاوی شیرنی ژێر زەویی ناوچەکە بووە. حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران تەنها لە ٨ ساڵی رابردوودا ٧٥ ملیارد میتری چوارگۆشە ئاوی بەکارهێناوە. لەراستیدا ئەو کارە یانی تاڵانکردنی سروشت. حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لەرۆژی هاتنەسەرکاری دەستی کرد بە پرۆژەی زیادکردنی حەشیمەت بێ ئەوەی لەئاکامە خراپەکانی داهاتوو ئەو زیادکردنە بکۆلێتەوە.

کاتێک کە حکوومەتێک پرۆژەی بۆ زیادکردنی حەشیمەت دەبێت، دەبێ لە فکری ئەوەشدا بێت کە ژیانێکی ئاسوودە بۆ ئەو حەشیمەتە بدۆزێتەوە. لەکاتی ئێستادا حەشیمەتی ئێران بەشێوەیەک زیادی کردوە کە حکوومەت ناتوانێ تەنها بچوکترین پێداویستییە سەرەتاییەکان دابین بکات، ئاوی خاوێن یەکێکە لە سەرەتایترین پێداویستیەکانی مرۆڤ کە لە ئێران‌دا خەریکە دەبێتە شتێکی گرانبەها.

لە ستانداردی جیهانی هەر وڵاتێک ساڵانە تەنها ٢٠٪ ئاوی ژێرزەوی خۆی بەکاردەهێنێت، ئەگەر وڵاتێک بتوانێ لە ٢٠٪ تا ٤٠٪ بەشێوەیەکی بەرنامە داڕێژراو بەکار بهێنێ ئەوا کێشەی کەمیی ئاو روونادات، بەڵام ئەگەر لە ٤٠٪ زیاتر بێت ئەوا دەبێ چاوەڕاونی کێشەی گەورە بن لە سەرچاوەکانی ئاو. لە جیهان‌دا تەنیا ٢ وڵات لەسەرووی ٤٠٪ ئاوی ژێر زەوی خۆیان بەکار دەهێنن، یەکەم وڵاتی میسر بە ٤٦٪ و ئێران بە ٥٨٪ ئاوە ژێرزەوییەکانی خۆیان بەکار دەهێنن، ئەوەی کە ئێران ٥٨٪ی ئاوی ژێرزەوی و ئەنبار کراوی خۆی بەکاردەهێنێت، یانی ئەوەی کە لە چەند ساڵی داهاتوودا بەشێکی زۆری خاکی ئێران ویشک دەبێت و دەبێتە بیابان.

کێشەی ئاو لە ئێراندا هێڵی سووری تێپەڕاندواە، ئێران نیوەی ئاوی پێویستی خۆی لە ئاوی ژێرزەویی وەردەگرێ، بەڵام خێرایی بەکارهێنانی ئاوەکە چەندین بەرامبەر زیاترە لەو خێرایەییەی کە سروشت پێویستی پێیەتی پڕی بکاتەوە، ئەگەر بەم شێوەیە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بێ بەرنامە ئاوی ژێر زەویی بەکار بێنێ بۆ چارەسەری کێشەکانی کەم ئاوی ئەوا بە پێ پێش بینییەکانی ئاژانسی ژینگەی جیهانی تا ٤٠ ساڵی دیکە ١٢ پارێزگای ئێران دەبن بە بیابان و کەس ناتوانی ژیانیان تێدا بکات.

یەکێک لە شانازییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دروستکردنی بەندایی ئاوییە، سیاسەتی دروستکردنی بەنداو بۆ کۆکردنەوەی ئاو لە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران فشارێکی زۆر دەهێنێ بۆ ئاوی رووبارەکان و دەریایەکان، بۆ نموونە دروستکردنی بەنداو لەسەر ١٣ رووبار کە ئاوی گۆلی ورمێ دابین دەکەن بۆتە هۆی ئەوەی کە ئاوی گۆلی ورمێ ٧٠٪ کەم بکات و ئاکامەکەی بۆتە هۆی ئەوەی کە بەشێکی زۆری ناوچە وشک بێت و ببێتە هۆی گێژەڵووکەی خوێ و خۆڵ. هەربۆیە دەتوانین بڵێین سیاسەتی دروستکردنی بەنداوی ئاوی لە ئێراندا شکستی خواردوە. گۆلی ورمێ لەکات و ساتی ئێستادا پێویستی بە ٣٠٠٠ ملیارد میتر چوارگۆشە ئاو هەیە، کە ئەو ئاوە لە پشتی ئەو ١٣ بەنداوەکەی ئێران سازی کردوە کۆکراوەتەوە، لەگەڵ بەردانەوەی ئەو ئاوانە بۆ ناو گۆلی ورمێ ئەوا بەشێک لە کێشەی گۆلی ورمێ چارەسەر دەبێ. بەڵام لەلایەکی دیکەوە کێشەیەکی دیکە یەخەی کۆماری ئیسلامی ئێران دەگرێ ئەویش لەبەین چوونی نزیک بە ٢٠٠ هەزار کەسب و کار (سەرچاوە: ناوەندی لێکۆلینەوەی ستراتیژی ئێران) کە ئەوە وادەکات کە بە میلیۆنان کەس لەوناوچەیە بێ کار بن و هەر ئەوەشە وایکردوە کە ئێران ناوێرێ بەخێرایی کێشەی گۆلی ورمێ چارەسەر بکات.

پلان و نەخشەی دروستکردنی بەنداوی ئاوی لەسەر رووبارەکانی زێی بچوک و رووباری ئەلوەند، بۆتە یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی نێوان ئێران و عێراق.

لەساڵانی رابردوو دا کە ڕێژەی باران بارین لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بەرێژەیەکی بەرچاو کەمی کردوە، بەهۆی کەمیی ئاوی ژێر زەوی و بوونی ناوچەی ویشک لە بەشێکی زۆر لەوڵاتانی ناوچەکەدا، لە ئێستادا و لە داهاتوویەکی نزیک چاوەڕاونی کارەساتێکی ژینگەیی و مرۆیی دەبین.

ئێران لەو نێوەدا پشکی شێری بەرکەوتووە، لە جوغرافیای ئێران‌دا هەرچەند ناوچەی شاخاویی و سەرسەوز هەیە بەڵام بەشێکی زۆری خاکی ئێران ویشکارۆیە و ئەگەر ساڵێک باران نەبارێت یان کەم ببارێ ئەوا ناوچەکانی ناوراست و خواری ئێران تووشی کارەساتی ژینگەیی و مرۆیی دەبین، هەر وەک لە کاتی ئێستادا دوای ئەوەی کە ئێراندا لەماوەی ٨ ساڵی رابردوودا گرفتی کەمی ئاویی هەیە و بارانیش بەرێژەی پێویست نەبارویەوە بۆیە ترسی ئەوە هەیە لە چەند ساڵی داهاتوودا بەشێکی زۆری خاکی ئیران ببێتە بیابان، بەپێی ناوەندی کەش ناسی ئێران لەساڵی ١٩٩٣ نێونجی باران بارین ٢٠٪ کەمترە لە ساڵی پار، بۆیە چاوەڕێ دەکرێ هاوینێکی ویشکتر چاوەڕێی ئێرانییەکان بێت.

دابەشنەکردنی یەکسانی سەرچاوە ئاوییەکانی ئێران، بەڕێوەبردنی ناسەرکەوتوو لە بواری ئاو، بەفیڕۆدانی ئاوی خواردنەوە، کەمیی باران بارین، زۆر بوونی ڕێژەی بوون بە هەڵم، گێژەلووکەی تۆز و خۆڵ، بەهەدەردان و کەڵکی خەراپ وەرگرتن لە ئاوە ژێر زەوییەکان و پیس کردنیان، بەگشتی کێشە سەرەکییەکانی ئاو و سەرچاوەکانیەتی لە ئێران دا.



ئەدەب و هونەر

کوردستان

ژمارە: ٦٥١

١٥ی ڕەشەممەی ١٣٩٣

٦ی مارسی ٢٠١٥

## بیست و پێنج دەقیقە بەر لە مردن

**شێل سیلڤرستاین**

**لەئینگلیزیەوە: عەتا میرەکی**

خەریکن دارقەواخەکەم بۆ هەڵئەخەن
تەنها بیست و پێنج دەقیقەم ماوە

بیست و پێنج دەقیقەیتر لەناوەڕاستی جەهەننەم دام
بیست و چوار دەقیقەم ماوە

دوا ژەمی خواردن دەورییەک پاقلەم بۆ دێنن
بیست و سێ دەقیقەم ماوە

کەس ناپرسێ لەحاڵم
بیست و دوو دەقیقەم ماوە

خۆ بۆ شارەدار...بۆ گشت ئەو ناپیاوانە نامەم نووسی
بیست و یەک دەقیقەم ماوە

تەلەفۆنم بۆ فەرماندار کرد...بۆ نەهار چووبووە دەرێ
بیست دەقیقەم ماوە

سەرۆک پۆلیس ئەڵێ: کوڕەکە چەن خۆشە خۆم مردنەکەت ببینم
نۆزدە دەقیقەم ماوە

پێئەکەنم...تفێک بە دەموچاویا ئەکەم
هەژدە دەقیقەم ماوە

تەلەفۆن بۆ سەرۆکی زیندان ئەکەم، گوێ لە سکاڵاکەم بگرێ
هەڤدە دەقیقەم ماوە

دەڵێ: دوو...سێ حەفتەی تر تەلەفۆنم بۆبکە
شانزە دەقیقەم ماوە

پارێزەرەکەم دەڵێ زۆر شەرمەزارە کەیسەکەمی دۆڕاندووە
پانزە دەقیقەم ماوە

ئەگەر درۆناکەی...زۆر بەداخی وەرەو لەجێی من بە
چواردە دەقیقەم ماوە

ئەوە کاکی قەشەیش هات...ڕۆحم ڕزگار کات
سێزدە دەقیقەم ماوە

باسی سووتان و ئاگرم بۆ دەکا...خۆ من لە سەرما هەڵدەلەرزم
دوانزە دەقیقەم ماوە

تەنافەکە تاقی دەکەنەوە،پشتم سارد دەبێتەوە
یانزە دەقیقەم ماوە

بەختەکەی من ...هەموو ئەوشتە نەفرەتییانە ئامادەن
دە دەقیقەم ماوە

هێشتا بەتەمای لێبوردنم،بەتەمای ئازادیم
نۆ دەقیقەم ماوە

بەڵام خۆ ئەمە فیلم نیە...بڵێن: چش،کورە لێیگەڕێن با بڕوات
هەشت دەقیقەم ماوە

ئەوە وردە...وردە بە پەیژەکەدا سەرئەکەوم
هەفت دەقیقەم ماوە

باشترە ئاگام لێ بێ نەکەوم،لاقم بشکێ
شەش دەقیقەم ماوە

ئەوە تەنافەکەش دەستی لەملم کرد
پێنج دەقیقەم ماوە

ئادەی فریام کەون، وەرن ڕزگارم کەن
چوار دەقیقەم ماوە

سەیری ئەو کێوانە دەکەم...چاوم بڕیوەتە ئاسمان
سێ دەقیقەم ماوە

شا...ئەمرۆ چەنێ خۆشە بۆ مردن
دوو دەقیقەم ماوە

دەنگی داڵ و قاڵاوەکان دێتە گوێم
دەقیقەیەکم ماوە

ئێستا لەسەر سێدارە دیلانێ دەکەم
ئەوە من...ڕۆۆۆۆیشتم.

## پێشمەرگەی گەش



**ئەرسەلان چەڵەبی**

تۆی نزاری ناو قەدی بەفرەلوول
کە هەڵزنێ سوارێک بە برینتدا!
قیژاندت، بە وێنەی ڕەنجی خۆڵ لە بیاباندا
تامی تاڵی بەرد لە فرمێسکت دا خەست!
ڕەنجت دەکرۆسییەوە و
هیچ کات لە هیچ دۆخێکی چڵکن دا،
سرتەیەکی ئێشت نەفڕاند!؟
زەینت جمەی لە چ دەراوێک دەپژا
کە جارێک نەڕووخای بە سەر بیرماندا؟
بیرت لای چ شەڕێک بوو؟
مێشکی تووشمان گەش دەزرینگاوە و
لە نێوان ئەژنۆی دووپات دا دەگریاین،
هەنێسکمان دەدا
پێشمەرگەی گەش!
!
دڵمان بەرایی نادا تەزووت بگاتە دەمارمان
وەک ئەوەی دڕکێک دوور بشنێتەوە بۆ گوڵ و
ئێمە دیل بێینەوە لە تەختایی نەرمە گۆشتێکی شەهید!
لە سەر گرێبەستە دڕەکان چاوەکانت واژۆ کرا
بەستێنی وەحشی سەنگەرت لە خوێن دا دەگونجا
ئێمە پەڕتووکەکانمان نەدەخوێندەوە و
تۆ و هاوسەنگەرەکانت
فیشەکی ئازادیتان لە قژی کچەکان دەدا
زەرد چەپکێ...شین چەپکێ!
مێخەک بە بەرۆکیانەوە هەڕەشەی دەهات و
تۆ تەنیا دەرفەتێکی ڕەقەڵەت هەبوو،
هاوکات وڵاتێکی چیمەنتۆیی کە تەنیوەتی گوتارێکی دز
ئاسۆ چەتەیە پێشمەرگەی گەش!
ئێمە کورسییە بەتاڵەکانمان دیت
چنگە برسییەکان وتارییان پێشکەش کردین
سەرما شەپۆلەکانی ڕادۆی ڕەدوو خست و
هەر دوو چۆکی پەڕتووکەکانی ڕۆژ شکا!
کەلاوەی ئێمە
هێڵی سەربەخۆی جیهانی دۆڕاندووە
بە بەژنی تریبووندا دەحیلێنێ ئاوارەیی و
هیچ نەبێ تۆ تێدەگەی پێشمەرگەی گەش!
بە سواری ئەسپە دڕەکەت
کە قوژبنی ئەو کەلاوەت نەهێشت
پەلاماری گشت تاپۆکانت دا
بە ڕەخت و چەکێک کە گۆرانێک لە چەمکی گوتارە دزەکان دا چێ بکەی.
تۆ بەر لە ئێمە ئاسۆی چەتەت چەک کرد
لە ڕاستەی پەپوولە پارتیزانەکان دا پاشەکشەت کرد
ڕۆژنامەکان چەورن پێشمەرگەی گەش،
ناگەنە دەست نان و
ڕۆژنامەکان گشت کورسییەکانییان داگیر کردا!
!
پێشمەرگەی گەش!
چەمکی کۆنی ئەوین تاپۆ نەبوو
وڵاتی ئێمە دەمارێکی زیت بوو
بە سەر شانی «سەرەنجام»وە دەگریا و
ڕەوە ڕۆی ڕووباری «مەم و زین»ی دەباراند.
حیکایەتی پێغەمبەرەکان لە بری ڕەوتێکی ڕەسەن بوو!
تۆ تێدەگەی چ دۆزەخێک پەرەی سەند و
پیاوانی پاراستن چ جەنگەڵێکیان دۆڕاند.

پێشمەرگەی گەش تۆ تاکە سوار بووی بە ئەسپی دڕتەوە
تۆ بە تەنیا تاپۆکانت بەزاند
ڕەوەزەکان فامیان کردەوە
ڕۆحی سەرکەشت تانەی مەرگی پووچەڵ کردەوە
تۆ بە ڕەخت و چەکی هەتیوەوە گڕت گرت.
لە مانای فیشەک گەیشتی و
دوژمنەکانت عاشق کردەوە.
بەڵێ «پێشمەرگەی گەش»، بەڵێ!
تۆ دوژمنەکانت هەستۆک کردەوە.

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 651 march 2015

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11137
polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

## بەر لە ماڵاوایی

# ئەو کتێبەی بۆنی ٣ ئازیزمی لێ دێ



قادر وریا

بابم، بە ڕەحمەت بێ، پیاوێکی نەخوێندەوار بوو، بەڵام چونکە بە قووڵی هەستی بە دەردی نەخوێندەواریی خۆی کردبوو، هەمیشە هاندەرم بوو بۆ باش خوێندن تا بەدبەختیەکانی ئەو تاقی نەکەمەوە.ساڵی یەکەمی نەزەریم لە شنۆ دەخوێند کە ڕۆژێک هاتە سەردانم و بە عادەتی خۆی وتی «عەبدولقادر»! بۆ کاروباری تراکتۆرەکەمان دەچمە تەورێز،چ کتێبێکت دەوێ بۆت بێنم؟نازانم چۆن بوو بە مێشکم داهات داوام کرد کتێبێکی گرامێری زمانی ئینگلیزیم بۆ بکڕێ. بەو هۆیەشەوە کە دەمزانی ناوی کتێبەکەی لە بیر نامێنێ، لە کوتە کاغەزێک، ناوەکەیم بۆ نووسی. کە لە سەفەرەکەی گەڕایەوە، کتێبێکی بۆ هێنابووم بەڵام کتێبەکە لەوانە نەبوو کە لە جامخانەی تاقە کتێبفرۆشییەکەی شنۆ، «کتێبفرۆشیی نەلۆسی» دیتبوومن. هەر زووش بۆی باس کردم کە کابرای کتێبفرۆش لە تەورێز، پێی وتوە «ئەوە باشترین کتێبە بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی و تازە هاتوەتە بازاڕ و کوڕەکەی خۆشم هەر لەو کتێبە سوود وەردەگرێ.» زۆر بەو دیارییەی دڵخۆش بووم. ئەوە لە یەکەمین کتێبەکانی غەیرە دەرسی بوو کە لە ژیانی خۆم دا بووبم بە خاوەنیان. یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرنجراکێشەکانی ئەو کتێبە،چەند پەند و ئامۆژگارییەک بوون کە بە دەربڕینێکی ئەدەبی لە کۆتایی هێندێک لە دەرسەکان دا بەرچاو دەکەوتن. یەکیانم هەر لەو کاتەوە لە بیرە و ئەمڕۆ بۆ دڵنیایی لە حافیزەی خۆم جارێکی دیکە دۆزیمەوە و چاوم پێداخشاندەوە: «سعی کن قبل از طلوع آفتاب بیدار شده و پیدایش اولین اشعه خورشید را با چشم خود مشاهده نمائید.»(هەوڵ بدە بەر لە هەڵاتنی خۆر لە خەو هەستی بۆ ئەوەی یەکەم تیشکەکانی هەتاوبە چاوی خۆت ببینی.).ئەو کتێبە «خود آموز و گرامر انگلیسی، متد سوکیاس» لە دانانی مامۆستای زمانی ئینگلیزی لە زانستگەی جەنگ «بابکن داود سوکیاس» بوو.

*

سەرماوەزی ٢٤ساڵ دوای ئەو ڕووداوە، ڕۆژێک کاک عومەر حەمیدی کە ئێستا بە داخەوە بووە بۆ نوێترین کۆچکردووی ئازیزمان، لە عەینکاوەی هەولێرەوە هاتە سەردانم و لە ژووری کارەکەم هەر لەو قەڵایەی ئێستای نزیک هەڕمۆتە، چاومان پێک کەوت. کاک عومەر نیازی چوون بۆ تورکیەی هەبوو. بۆ ئەوەی لە بڕینی ڕێگای قاچاغ و پڕمەترسیی سنووری هەرێم و تورکیەدا خۆی و منداڵەکانی سووکبار بکاو بە نرخترین شتەکانی - ئەلبۆمی وێنەکانی و هێندێک دەفتەری یادداشتەکانی _ لەم ڕێگایەدا لە دەست نەدا،لە لای منی دانان. لە گەڵ ئەو کۆمەڵە شتە دا، کتێبێکیشی بۆ هێنابووم. گوتی ئەو کتێبەشەم هێناوە بۆ خۆت، لە وانەیە بە کەڵکت بێ. کتێبەکە، نوسخەیەک لەو کتێبە بوو کە ساڵی ١٣٥٦ بابم لە تەورێز بۆی کڕیبووم. هەر ئەو کات گوتم کاک عومەر! بە ڕاستی خۆشحاڵم کە جارێکی دیکە ئەم کتێبە دەبینمەوە. ئیدی داستانەکەم بۆ گێڕایەوە و بە سپاسەوە لێم وەرگرت. بۆ ئەوەش شتی ناخۆش لە بارەی ڕێگاوە بە زەینی دا نەیە، دڵم نەهات داوای لێ بکەم بە دابی یادگار، بە دەسخەتی خۆی شتێکی لە سەر بنووسێ. ئەمانەتەکانم لێ وەرگرتو دڵنیام کرد کە نیگەرانیان نەبێو وەک گلێنەی چاو،لای خۆم دەیانپارێزم. هەر دوای ماڵاواییش،بۆ خۆم لە لاپەڕی یەکەمی کتێبەکە نووسیم: «یادگارێک لە کاک عومەر حەمیدیەوە ١٣٨٠/٩/١٢»

**

ئەم ڕۆژانە کە خەمی مردنی ناوەختی هاوڕێی لە مێژینەو خۆشەویست کاک عومەر حەمیدی بۆ ساتێک بە جێم ناهێڵێ،حەز دەکەم هەریادگارییەکی ئەو ئازیزە لە لامە، چاویان پێدا بخشێنمەوە. ئەمڕۆ بیرم بۆ لای کتێبە گۆڕین چۆوە.لە کتێبخانەی خۆمدا بۆی گەڕامو دۆزیمەوە. بە هەستێکی تایبەتەوە لاپەڕەکانیم هەڵ دایەوە. بۆ یەکەم جار بڕیارم دا ئەو لاپەڕەیەش کە کاتی خۆی بە چەسپ بە بەرگی دواوە نووسیندراوە، جیا بکەمەوەو سەیری دیوە شاراوەکەی بکەم .دەمەویست بزانم هیچ دەسخەتێکی کاک عومەری تیدا نادۆزمەوە؟ بڵێی بۆم ڕوون بێتەوە کە کاک عومەر ئەم کتێبەی لە کوێ دەست کەوتوە؟

ئەوەی دەستم کەوت لەوە سەرنجڕاکێشتر بوو کە بیرم لێ دەکردەوە. بە پێی ئەو دوو دەسخەتەی لەو لاپەڕەیە دا حەشار درابوون، ئەو کتێبە، عوسمان ناوێک ٧ی خاکەلێوەی ساڵی١٣٦٢،لە تاران، شەقامی انقلاب، لە کتێبخانەی پەروەردەی فکریی مندالان و مێرمندالان (کانون پرورش فکری کودکان و نوجوانان) وەک دیاری بۆ هاوڕێیەکی خۆشەویستی خۆی کڕیبوو.ئەگەر ئەم کاک عوسمانەش - کە شۆرەتەکەی بۆ من ساغ نەبۆتەوە- بۆ من و زۆر لە ئێوە نەناسراو بێت، ئەو کەسەی ئەم دیارییەی پێشکەش کراوە، نەناسراو نییە. ئەو کە بە دەسخەتی خۆی سپاسی کڕیاری ئەم دیارییە، کاک عوسمان، هاوڕێی خۆشەویستی خۆی کردوە، هەشت، نۆ، دە ساڵێک دوای ئەم ڕووداوە، ناوی خۆی لە دەفتەری نەمرانی نەتەوەکەی دا تۆمار کردو بە پێشکەشکردنی گیانی لە تەمەنی ٢٧ساڵی ساڵی دا، ناوی خۆی بە نەمری هێشتەوە. ١٣ ساڵە ئەم یادگارەی کاک عومەر حەمیدیم لە لایەوهەتا ئەمڕۆ نەمزانیبوو بێجگە لە بۆنی بابم و بۆنی هاوڕێی خۆشەویستم کاک عومەر حەمیدی، بۆنو بیرەوەریی خۆشەویستێکی دیکەشی لە خۆیدا کۆ کردوەتەوە.خۆشەویستێک، کە ئەویشم وەک عومەر حەمیدی، لە بەرەکەتی هاوسەنگەریو هاوڕێیەتی لە ژیانی پێشمەرگانە و شۆڕشگێڕانە دا ناسی. هاوڕێیەک کە ئەویش لە بیرەوەریو ڕابردووو لە دڵ و ئێحساسی من دا، وەک بابمو وەک عومەر حەمیدی، هیچ کاتێک ناسڕێتەوە. ئەو، پێشمەرگەی شاعیر و،شەهیدی هاوچارەنووسی هاوڕێیەکی خۆشەویستی دیکەم، جەلیل ڕەحیمیانە.

ئیستا ئەم کتێبە، بیرەوەریی کۆمەڵێک ئازیزمی لە خۆی دا هەڵگرتوە و بووە بە خۆشەویستترینی کتێبخانەکەم.

## بۆ یەکەم جار لە قوتابخانەیەکی شاری سەقز وانەی «زمانی کوردی» گوترایەوە



به پێی ڕاپۆرتی «مافنیوز» دوای ئەوەی قوتابخانەی سەلاحەدین ئەیوبی لە شاری سەقزداوای لە ئیدارەی پەروەردەی ئەم شارە کردوە بۆئەوەی ئیزنی کوتنەوەی وانەی کوردی لەم قوتابخانە بدرێو پەروەردەی سەقزئەم ئیزنە دا و لە هەنگاوێکی چاوەڕواننەکراودا بۆیەکەم جار لە سەقز خوێندن بە زمانی کوردی وەک وانەیەکی دڵخوازانەو ئیختیاری دەستی پێ کردو ٤٠ خوێندکار بەشداریان تێداکرد.

## کۆچی دوایی یاشار کەماڵ، نووسەری بەناوبانگی کوردی باکووری کوردستان



یاشار کەماڵ، نووسەری بەناوبانگی کوردی باکووری کوردستان دوای چەند مانگ بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشییەکی سەخت کۆچی دوایی کرد.

یاشار کەماڵ، کەسایەتیی ناوداری دنیای ئەدەبیات کە بەرهەمەکانی بە ٤٠ زمانی دنیاو یەک لەوان کوردی تەرجومە کراون، بەهۆی شێرپەنجەی سیپەلاکو لە تەمەنی ٩٢ ساڵیدا لە نەخۆشخانەیەکی ئەستانبوڵ کۆچی دوایی کرد.

یاشار کەماڵ ساڵی ١٣٠٢ لە گوندی هیمەتییە لە پارێزگای عوسمانییە لە باکووری کوردستان لە دایک بوو. نووسەری چەندین شاکاری ئەدەبییە و بە هۆی ئەوانەوە چەندین خەڵاتی جیهانیی وەرگرتوە. لە بەرهەمەکانیدا باسی کێشە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکو بێبەشیی گەلەکەی لە مافە نەتەوییەکانی دەکردو هەر بەو هۆیەش چەند جار دەسبەسەرو خرایە زیندانەوە.

## «منداڵ بە زمانی دایکی گەشە دەکات» لە سمینارێک‌دا

ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٥ی ڕەشەمە بە دەستپێشخەری ڕێکخراوەی فەرهەنگی\کۆمەڵایەتی بووژانەوەی ژیانی لەیلاخ و بە هاوکاری «ئەنجومەنی ئەدەبی ڕچەی لەیلاخ» وکۆری موسیقای



ماهوور لە شاری دێولان بۆ ڕێزلێنان لە ڕۆژی جیهانی زمانی زگماکی، سمینارێکی یەک ڕۆژە بە دروشمی «منداڵ بە زمانی دایکی گەشە دەکات» لە سێ پانێلی جیاجیا بۆ هەرکام لە بەرێزان:

جەلال مەلەکشا(شاعیر)،دوکتور ماجید مەردۆخ(لێکۆلەرونووسەر)، عەدنان بەرزەنجی (ئەدیب وزمانەوان) بەرێوەچوو.کە ئەم بەرێزانە لە روانگەی زانستییەوە زمانی زگماکی وەکوو پێناسەیەک بۆ گەلان و دەوروکاریگەریی لە ئەدەب وپەروەردەی منداڵان خستە بەرباس،کە لەلایەن بەشداربووانی ئەم کۆرە کە لە دەیان کەس لە ئەدەب دۆستانی ناوچەو هەروەها میوانانێک لە شاری سنە وکرماشان و قوروە پێکهاتبوون بە باشی پێشوازی لێکرا. شایانی باسە کە ئەنجومەنی ئەدەبی لەیلاخ لە دەهەی ٧٠ی هەتاویی دامەزراوەو لەسەرەتای چالاکیی فەرهەنگی خۆی چەندین خولی فێرکاری زمانی کوردی (بەشی ڕێنووس) ی بەرێوە بردوەو ئێستاش هەر بەردەوامە.

## چاپکراوی نوێ




**لاوان**

ژمارەکانی ٥٦-٥٥ی گۆڤاری لاوان لە تۆیی بەرگێکی ٥٠ لاپەڕەییدا چاپو بڵاو کرایەوە. ئەو گۆڤارە کە لە لایەن یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەردەچێ ئەو ژمارانەی تەرخان کردوە بۆ فایلەکانی کۆنگرەی ٧. بە کورتی نێوەرۆکی بەرگی گۆڤارەکە ئەم بابەتانە لەخۆ دەگرێ:

*پەیامی کردنەوەی کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

*پەیامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کۆنگرەی لاوان

*ڕاپۆرتی سیاسی کۆمەڵایەتی کۆمیتەی بەڕێوەبەری بۆ کۆنگرەی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

*پەیامی کۆنگرەی ٧ بۆ لاوانی کورد

ڕاگەیاندراوی کۆتایی کۆنگرە

*پەیامی ڕێکخراوەکانی لاوان بۆ کونگرەی ٧



**نەقاشی مەهنا کچی حامید ئەحمەدی ئەو زیندانییە سیاسییەی ڕۆژی چوارشەمە لەگەڵ ٥ کەسی دیکە لە زیندانی کەرەج ئێعدام کران!**

**لەیلا قاسم، لەیلا زانا**

ژمارەی نوێی گۆڤاری»لەیلا قاسم لەیلا زانا»(ژمارەی تایبەت بە ژنانی شەهید) بڵاو بۆوە



ژمارە ٨ی»لەیلا قاسم لەیلا زانا» ، گۆڤاری گشتیی کلتوریی: مێژووزانستی، کۆمەڵایەتیی هەمە لایەنەی دۆزی ئافرەتان، بڵاو بۆوە.ئەم ژمارەیەی «لەیلا قاسم لەیلا زانا» کە لە بەرەبەری ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژنان دا بڵاو بۆوە، خۆی تەرخان کردوە بۆ باسکردن و بەرزنرخاندنی ئەو کچان و ژنانەی لە شەڕی بەرگریی دژ بە تیرۆریستانی داعش‌دا، شەهید بوون بە تایبەتی ئەوانەی لە خۆڕاگریی حەماسیی کۆبانێ دا گیانیان پێشکەش کرد.

مومتاز حەیدەری سەرنووسەری «لەیلا قاسم لەیلا زانا»، لە پێشەکیی ئەو ژمارە نوێیە دا دەنووسێ:» ئەوەی ڕاستی بێت جەنگاوەرانی کوردستان: (پێشمەرگە، گریلا، شەرڤان، تێکۆشەرانی سەنگەر...هتد)، لەم شەڕە زیدە دژوار ودڕندەییە دا، قارەمانەتییەکی ئەوتۆیان نواند، هەمدیسان نموونەیان زۆر دەگمەنن.. لە لایەکی دیکەوە ٨ی مارت نموونەیەکی مەزنی تێکۆشانی ڕەوای درێژخایەنی سەرجەم ژنانی جیهانە لە پێناو یەکسانی و ژیانێکی کامەران و ئاسوودەییدا، بۆیە بڕیارم دا ئەو ژمارەیەی گۆڤاری»لەیلا قاسم لەیلا زانا» بە شێوازێکی جیاواز لە لە هەموو گۆڤار و ڕۆژنامەکانی دیکەی کوردستان تەنیا تایبەت بێ بە شەهیدە مەزنەکانی مێینەی کوردستان- ژمارەی شەهید-